## ڕێککەوتنی دهۆک و ڕۆژئاوای کوردستان

# سەرکەوتنی لۆژیکی بارزانی و یەکڕیزیی نەتەوەیی



هیمن هەورامی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە بەردەوامیی پەرەسەندنی پێگەی کورد لە ناو گۆڕانکارییە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا دێت، ڕۆڵی کورد وەک کارەکتەرێکی کاریگەر لەسەر هاوکێشە سیاسی و ئەمنی و کێبەڕکێ جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە، زیاتر دەردەکەوێت. لەهەفتەی ڕابردوودا، سێ ڕووداو و پەرەسەندنی گرنگ، ئەو خاڵەیان سەلماندەوە، کە ئیدی کورد لە ناوچەکەدا، توخمێکی یاریپێکراو نییە، بەڵکو بۆ خۆی گەمەکەرێکی سەرەکیی ناوچەکەیە.

### ■ سێ ڕووداوی ستراتیژیی گرنگ

١. سەرکەوتنی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لە قەناعەت پێهێنانی ئەمریکا و هاوپەیمانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و گەیاندنی چەک و تەقەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان بە شەڕڤانە قارەمانەکانی کۆبانێ. لێرەدا وەک پێدراوێکی

ستراتیژی، هێندەی ماناو مەدلولەکانی گرنگە، ڕەنگە هێندە خودی هاوکارییەکان گرنگ نەبن. بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورد، چەک و تەقەمەنی پارچەیەکی کوردستان بۆ بەرگری و ئازادی پارچەیەکی دیکەی کوردستان، لە لایەن گەورەترین زلهێزی دنیاوە بە ئاسماندا بگوازرێتەوە بێ ئەوەی ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی سەردەستی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت.

٢. سەرکەوتنی هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی لە بانگهێشت کردن و سەرپەرشتی کردنی هێزەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد و تەڤدەم، بۆ گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی پرسەکانی نێوانیان و یەکخستنی توانا و ریزەکانیان لە رووی سیاسی و ئیداری و سەربازییەوە و بەردەوامیی گفتوگۆکان تا بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی هەردوولا گەیشت و لە ٢٢-١٠-٢٠١٤ بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی، ڕێککەوتنی دهۆک ئیمزا کرا و لایەنەکان ڕێککەوتن، مەرجەعییەتێکی سیاسیی هاوبەش لە نێوانیان دروست بکرێت، ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت و پێکەوە سوپایەکی هاوبەشی کوردی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان پێکبێنن و مافی بەرگریی هاوبەش بۆ هەموو لایەک فەراهەم بکرێت.

٣. سەرکەوتنی دیپلۆماسیەتی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە بەرهەمدارکردنی پەیوەندییەکان لەمەڕ ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ تورکیادا و وەرگرتنی بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک پشتیوانییەک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و بەشداریی لە شەڕی بەرگری لە کۆبانێ و ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٢-١٠-٢٠١٤ بە کۆی دەنگ بۆ پشتیوانی لە بڕیاری سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بە ناو خاکی تورکیادا.

لێرەش ئەوەندەی مەدلولە سیاسی و ستراتیژییەکانی گرنگن، بەوەی یەکەم جارە هێزی پارچەیەکی کوردستان بە چەک و تفاقی قورسەوە، بۆ پاڵپشتی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بە ناو خاکی تورکیادا بڕوات و بە هانای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانەوە بێن!

ئەم سێ ڕووداوە، کە بە زمانی جیۆپۆلەتیک بە گۆڕینی ڕێساکانی گەمەکردن (Game Changer) قسەی لێ دەکرێت، کاردانەوەو لێکەوتەکانی بۆ پێشخستنی دۆزی کوردو بەهێزترکردنی پێگەکەی لە ململانێ هەرێمایەتییەکان و مانەوەو بەردەوامیی پێشکەوتنی دۆزی کورد، زیاتر و زیاتر دەردەکەوێت.

شاراوە نییە، کە ئەوەی لێرەدا لەم سێ ڕووداوە هەرە گرنگەدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەو میحوەری بینی، ڕۆڵی سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی و ئەو لۆژیکە سیاسی و نەتەوەییە بوو لەمەڕ ڕۆژئاوای کوردستان کە هەر لە سەرەتای پەرەسەندنەکانی سووریاوە، گرتوویەتەبەر، بۆ ئەمەش پانۆرامایەکی کورتی سیاسەت و هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی لەمەڕ ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ دەستپێکی گۆڕانکارییەکانی سووریادا، پێویستە وەک فلاش باکێک بخرێتەڕوو.

**■ پانۆرامای پارادیمی سیاسەتی سەرۆک بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان**

لە پاش ئاداری ٢٠١١، سووریا کەوتە دۆخێکی وەهاوە کە مەحاڵە جارێکی دیکە بتوانرێت ئەو وڵاتە بۆ دۆخی پێش ئەو بەروارە بگێردرێتەوە. بەو پێیەی بۆ ئێمە پێشکەوتنی دۆخی کورد، خاڵی جەوهەریی سیاسەتکردنی ئێمەیە، بەلای ئێمەوە ئەوە گرنگە کە لە گۆڕانکارییەکانی سووریادا بۆ کورد چی دێتە پێشەوە؟ دۆزی کورد لە ڕۆژئاوا چی بەسەر دێت؟ قازانج و زیانی کورد چی دەبێت؟ کام گەمەکەری ناو ڕووداوەکان لەگەڵ پێگەی کوردو خواست و داواکارییەکانی و بەرژەوەندیەکانی دێتەوە؟ کام هاوپەیمانی، یان کام ڕووداو و گۆڕانکاری دەتوانرێت بۆ پێشخستنی دۆزی کورد لە سووریا تەوزیف بکرێت؟ چۆن کورد بە کەمترین زیان و زۆرترین قازانج لە ناو هاوکێشەکاندا سیاسەت بکات؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکەی جەوهەری بۆ پرسی کورد، میحوەری هەڵوێست و سیاسەت و بۆچوونەکانی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بوون. لۆژیکی بارزانی بۆ مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان، یەکریزیی نەتەوەیی و پێکەوەیی بوو. هەنگاوە پراکتیکییەکانی سەرۆک بارزانی بە یەکخستنی پارتەکان و دانانی بەرنامەی هاوبەش دەستی پێکرد، لە ٢٨-١١-٢٠١١ سەرۆک بارزانی لەگەڵ نزیکەی ٢٨ پارتی کوردی ڕۆژئاوا لە هەولێر کۆبوویەوە. بە ڕێنمایی سەرۆک بارزانی و کارکردن و پاشان بەشداری شەخسی خۆی لە ٢٨-١-٢٠١٢ لە هەولێری پایتەخت کۆنگرەی هەولێر بۆ ڕەوەندی کوردی سووریا ساز کرا. لەو کۆنگرەیەدا سەرۆک بارزانی هێڵە گشتییەکانی سیاسەت و هەڵوێستی خۆی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان خستەڕوو:

■ بۆ ئێمە ڕەوشی سووریا زۆر گرنگە، لەبەر زیاتر لە دوو ملیۆن کورد. ڕەوشی سووریا لە گۆڕانێکی خێرادایە.

**ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٢-١٠-٢٠١٤ بە کۆی دەنگ بۆ پشتیوانی لە بڕیاری سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بە ناو خاکی تورکیادا، ئەوەندەی مەدلولە سیاسی و ستراتیژییەکانی گرنگن، ڕەنگە هێندە خودی هاوکارییەکان گرنگ نەبن.**

**گرنگە لە گۆڕانکارییەکانی سووریادا بۆ کورد چی دێتە پێشەوەو دۆزی کورد لە ڕۆژئاوا چی بەسەر دێت؟ قازانج و زیانی کورد چی دەبێت؟ کام گەمەکەری ناو ڕووداوەکان لەگەڵ پێگەی کوردو خواست و داواکاری و بەرژەوەندییەکانی دێتەوە؟ کام هاوپەیمانی، یان کام ڕووداو و گۆڕانکاری دەتوانرێت بۆ پێشخستنی دۆزی کورد لە سووریا تەوزیف بکرێت؟ چۆن کورد بە کەمترین زیان و زۆرترین قازانج لە ناوهاوکێشەکاندا سیاسەت بکات؟**



سەرۆك بارزانی لەگەل لایەنە سیاسییەكانی ڕۆژئاوای كوردستان

**بۆ یەكەمجارە لە مێژووی كورد، چەک و تەقەمەنی پارچەیەكی كوردستان بۆ بەرگری و ئازادی پارچەیەكی دیكەی كوردستان، لە لایەن گەورەترین زلهێزی دنیاوە بە ئاسماندا بگوازرێتەوە، بێ ئەوەی ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی سەردەستی ناوچەكە لەبەرچاو بگیرێت**

■ پێویستە گەلی كورد خۆی بۆ هەر ئەگەرێک باش ئامادە بكات. لە ڕوودانی هەر ئەگەرێك، بۆ ئێمە گرنگە كە پرسی كورد لە سووریا چی بە سەر دێت و، چوارچێوەی ماف و پێگەی كورد لە سووریا بە كوێ دەگات.

■ ئێمە لە هەرێمی كوردستان دەست ناخەینە ئیشوكارەكانتان و تەنیا هاوكارتان دەبین.

■ مەرجی ئێمە بۆ برایانمان لە ڕۆژئاوای كوردستان تەنیا ئەوەیە كە ئێوە یەكڕیز بن. دۆخێكی یەكجار یەكجار هەستیارتان لە پێشە، دوور بكەونەوە لە حزبایەتی تەسک و خۆسەپاندن و كاری پێكەوەیی بكەن. تا دۆخی سووریا بەلایەكدا دەكەوێت، كوردایەتی بكەن.

■ سیاسەتكردنی كورد لە ڕۆژئاوا، هاریكاری، یان بەرەنگاری، دوور بوون، یان نزیک بوون لە هەر هێزیكی دیكەی گۆڕەپانی سووری، ئیدی ڕژێم، یان ئۆپۆزسیۆن، دەبێت لەسەر بنەمای دووری و نزیكی ئەوان بێت لە پرسە بنەڕەتییەكانی كورد لە سووریا و چۆنیەتی چارەسەركردنی.

هەر لە چوارچێوەی ئەو پارادایمەی كە سەرۆک بارزانی وەک بنەمایەک بۆ مامەڵەی هەرێمی كوردستان بۆ پرسی ڕۆژئاوای كوردستان و هێزەكانیان داینا، بۆ یەكڕیزی ئەو هێزانە، پاش گفتوگۆی چڕوپڕ، لە ١١-٧-٢٠١٢ دەستەی باڵای كورد لە نێوان پەیەدەو ئەنجومەنی نیشتمانی كورد دروست كرا و بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی ڕێككەوتنی هەولێر ئیمزا كرا. بۆ چارەسەری ئاریشەكانی بەردەم ڕێككەوتنی هەولێر، جارێكی دیكە بە هەوڵەكانی سەرۆک بارزانی و ئامادەبوونی لەیلا زانا و ئۆسمان بایدەمیر، لەمانگی ئایاری ٢٠١٣ ڕێككەوتنی هەولێر ٢ ئیمزا كرا. دواتر هەوڵەكانی لەیلا زانا و عوسمان بایدەمیر بۆ پابەندبوونی هەردوولا بوو بە ڕێككەوتنی هەولێر ٢ ئەمەش بە ئاگاداری جەنابی سەرۆك بارزانی بوو لە مانگی ١١ی ٢٠١٣.

پاش گۆڕانكارییە خودی و بابەتییەكانی ئەم دواییانەش، سیاسەتی سەرۆک بارزانی درێژەپێدەری ئەو پارادیمە بوو، بەوەی كە بە هیچ شێوەیەک و لە پێناوی هیچ ئامانجێک نابێت شەڕی كورد بە كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان بكرێت، نابێت كورد ببێتە تەرەف لە ڕیزبەندییە جیۆپۆلۆتیكییەكان و ڕیزبەندییە هەرێمایەتی و مەزهەبییەكان. بۆیە جارێكی دیكەش سەرۆک بارزانی لە ١٤-١٠-٢٠١٤ لە دهۆک سەرپەرشتی كۆبوونەوەیەكی دیكەی سەرجەم هێزەكانی ڕۆژئاوای كرد و سەرئەنجام لە ٢٢-١٠-٢٠١٤ ڕێككەوتنی دهۆكی لێكەوتەوە.

ڕێككەوتنی دهۆک چەند ڕاستییەكی سەلماند:



سەرۆك بارزانی لەگەڵ شاندی هاوبەشی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سوریا و تەڤدەم

١. رۆڵی میحوەریی سەرۆک بارزانی نەک تەنیا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵکو وەک چەترێکی کۆکەرەوەی هێزەکوردییەکان.

٢. بۆ هەموو لایەنەکانی رۆژئاوای سەلماند، کە یەکتری قبوڵ نەکردن و خۆسەپاندن و پێکەوەکارنەکردن، چەند زیانی بۆ دۆزی کورد هەبووە لە رۆژئاوای کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەو دوژمنی هاوبەش و هەڕەشەی هاوبەش، بۆیە چیدی بەردەوامی پێشێلکاریی رێککەوتنی هەولێر یەک و دوو ناچێتە سەر.

٣. دەرکەوت، کە هاشوهووشی میدیایی و گوتاری دیماگۆجی بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی، کە بەداخەوە هەندێ هێزی باشوور بەکاریان دەهێنا بۆ ململانێی پارتی و کاڵکردنەوەی رۆڵی میحوەریی سەرۆک بارزانی، هەوڵێکی نەزۆک و سیاسەتێکی فاشیل بووە.

٤. دەرکەوت، کورد بە یەکڕیزی و یەکتری قبوڵکردن و کاری پێکەوەیی، توانی ئەمریکا بێنێتە سەر خەتێکی وەها، چەکی کورد لە پارچەیەکی کوردستانەوە بە ئاسماندا و بە فڕۆکەی سەربازی خۆی بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان بگوازێتەوە، بە یەکڕیزی و پاڵپشتی و پشتگیری یەکتر توانیمان سیاسەتی تورکیا لەمەڕ پرسی کۆبانێ و رۆژئاوای کوردستان بگۆڕین و بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناو خاکی تورکیا بۆ کۆبانێی لێ بکەوێتەوە.

٥. دەرکەوت کە سیاسەتی راست و دروست ئەوەیە، کورد خۆی نەکاتە تەرەف لەگەڵ ئەو ریزبەندییە ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی و جیۆپۆلەتیکییەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سووریادا هەیە. ئەوەی روونە، ئێستا سووریا وەک وڵات و وەك دەوڵەت، کارەکتەرێکی جیۆپۆلەتیکی نەماوە، بەڵکو بووەتە شانۆیەکی بەرین بۆ ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی هێزە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانییەکان.

٦. بە بوونی هەرێمی کوردستان و مەرجەعییەتی سەرۆک بارزانی، وەک چەتری کۆکەرەوەی هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان، دەرکەوت هەرێمی کوردستان، وەک پارچەیەکی ئازادکراوی نیشتمان، قووڵایی ستراتیژیی رۆژئاوایەو سەرکەوتنی قارەمانەکانی کۆبانێ لە بەرگری لە خاکی کوردستان و هەماهەنگیی مەیدانیی پێشمەرگەو شەڕڤانەکان و کاری زیاتری لەمەودوا دژ بە دوژمنانی نەتەوەکەمان لە رۆژئاوای کوردستان، ئەویش دەبێتە قووڵاییەکی ستراتیژیی گرنگ کە بە هۆیەوە رۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەرێم و تورکیا و هەرێم و ئێران و هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهێزتر دەکات.

**سیاسەتی سەرۆک بارزانی درێژەپێدەری ئەو پارادیمە بوو، بەوەی کە بە هیچ شێوەیەک و لە پێناوی هیچ ئامانجێک نابێت شەڕی کورد بە کورد لە رۆژئاوای کوردستان بکرێت، نابێت کورد ببێتە تەرەف لە ریزبەندییە جیۆپۆلۆتیکییەکان و ریزبەندییە هەرێمایەتی و مەزهەبییەکان**



ڕێباز محەمەد حەملان

وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# پابەند نەبوونی حکومەتی ناوەند بە دەستوور و فیدراڵیەت و شەراکەتی راستەقینە هۆکاری سەرەکی کێشەکانە



**پاش ئەوەی رەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە هۆی گەمارۆ داراییەکەی حکومەتی ناوەندەوە رووی لە نالەباری کردو هاوکات شەڕی داسەپاوی داعش بۆ سەر کوردستانیشی هاتەسەر، گەرچی خەڵك و سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان بە ئیرادەو خۆڕاگرییەوە رووبەڕووی ئابڵوقەو هێرشە ناڕەواکان بوونەوە، بەڵام بەگشتی باری بژێوی خەڵك ناسەقامگیری و نیگەرانی لێ کەوتەوە. سەبارەت بە شرۆڤەو تاوتوێکردنی هەندێ پرس و رای ئابووری و دارایی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان (رێباز محەمەد حەملان) کرد، بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**گوڵان:** پاش ئەوەی لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بڕدرا، ئەمە وایکرد کوردستان بە دۆخێکی نەخوازراو و هەستیاردا تێپەڕێت، وەك وەزیری دارایی و ئابووری و کەسێکی شارەزا چ خوێندنەوەیەکتان بۆ دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەیە؟

**رێباز محەمەد:** بێگومان لە ئێستادا ئابووریی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی هەستیاردایە، بەتایبەتی پاش ئەوەی حکومەتی ناوەند لە سەرەتای ساڵی نوێوە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی بڕیوە، دەتوانم بڵێم ئابڵوقەیەکی ئابووریی توندی لەسەر هەرێم داناوە، کە ئەم ئابڵوقەیە خۆی دەبینێتەوە لە نەناردنی مووچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم و کەمکردنەوەی بەشە دەرمان و سووتەمەنی و تاد.... دیارە ئەمەش کاریگەرییەکی راستەوخۆی بۆ سەر ژیان و بژێوی هاووڵاتیان دروست کردووە، کە سەرجەم جومگەکانی ژیانی گرتەوە، پرۆژە درێژخایەنەکان تا رادەیەك راگیراون و پرۆژە نوێیەکانیش بەهۆی نەناردنی بودجە و پەسەند نەکردنیەوە لە پەرلەمان ئەو پرۆژانەش نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، جگە لەوەش شەڕی داعشیش بارودۆخێکی ناهەموارتری هێنایە کایەوە کە بەو هۆیەوە سەدان هەزار خێزانی ئاوارە بەرەو شارەکانی هەرێم هەڵهاتن، ئەمەش دۆخێکی نالەبارتری بۆ هەرێم دروستکردووە و حکومەتی هەرێم تووشی قەیرانێکی دارایی قورستر کردەوە. کارەساتی مرۆیی دروست بووە، لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی هەرێم هەموو تواناکانی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە نالەبارە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە رووی دابینکردنی شوێن، ئاو، کارەبا، خواردن و دەرمان بۆ ئاوارەکان، بێگومان ئەمانە هەموویان پێکەوە کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر ئابووریی هەرێم دروست کرد.

**دەبێت چاوێک بە رێژەی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخشێندرێتەوە بەپێی ژمارەی دانیشتووان بەشە بودجەی هەرێم حیساب بکرێت**

**گوڵان:** شەڕی داعش بە رادەیەکی زۆر زیانی بە ئابووریی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەو جیهانیش گەیاندووە، وەزارەتی دارایی و ئابووری چ رێوشوێنێکیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی شەڕی داعش گرتۆتەبەر؟

**رێباز محەمەد:** دیارە ئێمە کە باسی چەمکی ئابووریی جەنگ دەکەین، پێمانوایە وڵات لە حاڵەتی جەنگدایە و تووشی زیانی ئابووری بووەتەوە، کاریگەرییەکانی جەنگیش بەسەر بژێوی هاووڵاتیانەوە زیاتر بەدیار دەکەوێت. لە ئێستادا هێزەکانی پێشمەرگە بە درێژایی ١٠٥٠ کم لە بەرەی جەنگدان دژی هێرشەکانی چەکدارانی تیرۆریستی داعش، ئەمەش رووبەرێکی فراوان و توانایەکی دارایی و ئابووری و سەربازی زۆر و زەبەندی دەوێت، دەبێت هەموو ئامادەکاری و رێوشوێنەکان

**وەنەبێ شەڕی داعش کاریگەریی نەرێنی بەس بەسەر هەرێمەوە بێت، بگرە ناوچەکە و وڵاتانی دیکەشی گرتۆتەوە بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ کە هەموویان رێو شوێنی پێویستیان گرتۆتە بەر، ئەم ناسەقامگیرییەش کاری هەندێ لە کۆمپانیا بیانییەکانی راگرتووە**

بگرینەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ هەرێمی کوردستان. بوونی سەدان هەزار ئاوارەش قورساییەکی زۆری خستۆتە سەر هەرێم، لە رووی دابینکردنی شوێن و پێداویستییەکانی ژیانەوە کە بەڕێوەبردنیان زەحمەتە، ئەمەش بێگومان لەم بارودۆخەی ئێستادا کە حکومەتی ناوەند بەشە مووچە و بودجە نانێرێت، قەیرانەکەی قووڵتر کردۆتەوە، دیارە کاریگەریشی هەبووە لەسەر بازاڕ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە مەرزەکان، هەر بۆ نموونە پێشتر لە٧٠٪ی هەناردەی تورکیا بۆ عێراق لە رێگەی خاڵە گومرکییەکانی هەرێمەوە بوو، بەڵام لە ئێستادا زۆر کەمی کردووە، بەهۆی شەڕی داعشەوە ناوچەکان لێك ترازاون، وەنەبێ شەڕی داعش کاریگەری و نەرێنی بەس بەسەر هەرێمەوە بێت، بگرە ناوچەکەو وڵاتانی دیکەشی گرتۆتەوە، بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ کە هەموویان رێوشوێنی پێویستیان گرتۆتەبەر، ئەم ناسەقامگیرییەش بووەتە هۆی راگرتنی کاری هەندێ لە کۆمپانیا بیانییەکان، جگە لەمەش لە رووی گەشتیارییەوە هەرێم و ناوچەکە زیانی زۆریان بەرکەوتووە، چونکە گەشتیار مەرجی سەرەکییان بۆ هەر وڵاتێك، ئارامیی ناوچەکەیە، هەروەها تێچووی جەنگ لە رووی ئابوورییەوە کاریگەری خۆی هەیە.

**گوڵان:** حکومەتی ناوەندی لەچارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکان خۆی دەدزێتەوە، گەمارۆ ئابوورییەکەی بەغداش لەسەر هەرێمی کوردستان ئەگەری بەردەوامبوونی هەیە، لەو بارەیەوە راتان چییە؟

**رێباز محەمەد:** پابەندنەبوونی حکومەتی ناوەند بە دەستوور و باوەڕنەبوون بە فیدراڵیەت و دیموکراسی و شەراکەتی راستەقینە و بە مەرکەزیکردنی هەموو دەسەڵاتەکان، هەروەها جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) و یاسای نەوت و غاز و نەناردنی بودجەی پێشمەرگە لە ساڵی (٢٠٠٧)ـەوە هۆکارێکی ئەو بارودۆخەن کە هاتۆتەئاراوە، بۆیە پێویستە حکومەتی نوێی عێراق بە جددی لە رێگەی دەستوورەوە چارەسەری تەواو بۆ ئەم کێشانە بدۆزێتەوە. ئێستا لە رێگەی شاندی دانوستانکاری کورد گەیشتوونەتە رێگەچارەیەك بەپێی رێککەوتنەکانیش دەبێت لە ماوەی ساڵێك ماددەی (١٤٠) جێبەجێبکرێت، بەپێی ئەو قۆناغانەی لە ماددەکە دەستنیشانکراوە، چونکە ئەوەی لە حکومەتی مالیکی بینرا، بە بڕینی قووتی هاووڵاتیانی کوردستان لە مێژووی نوێدا کاری وەها لە هیچ حکومەتێکی دنیا نەبینراوە.

**له ئێستادا هێزەكانی پێشمەرگە بە درێژایی ١٠٥٠ كم لە بەرەی جەنگدان دژی هێرشەكانی چەكدارانی تیرۆرستی داعش، ئەمەش رووبەرێكی فراوان و توانایەكی دارایی و ئابووری و سەربازی زۆر و زەبەندی دەوێت**

**ئەوەی لە حكومەتی مالیكی بینرا بە بڕینی قووتی هاووڵاتیانی كوردستان لە مێژووی نوێدا كاری وەها لە هیچ حكومەتێكی دنیا نەبینراوە**

**گوڵان:** ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ واتە ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتووان و ئەو رووبەرە فراوانە لە رووی ئابوورییەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟

**رێباز محەمەد:** گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد بەپێی ماددەی (١٤٠) دەستوور دەبێت و خاڵێکی سەرەکیشە لە نێوان کێشەکانی هەولێر و بەغدا و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت. دیارە بە گەڕانەوەی ئەم ناوچانە، دەبێت چاوێك بە رێژەی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخشێندرێتەوە بەپێی ژمارەی دانیشتووان بەشە بودجەی هەرێم حیساب بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە لە خزمەتکردن و ئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و دامەزراندنی هەزارەها هاووڵاتی کورد لەم ناوچانە کە ئەمەش بەڕاستی قورساییەکی زۆری خستۆتە سەر بودجەی هەرێم، بەڵام حکومەتی هەرێم بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە هەرچی لە توانایدا بێت بۆ خزمەتکردنی ئەم ناوچانە درێغی لێنەکات، بۆ پاراستن و ئاسایشی ناوچەکەش بە هەزاران پێشمەرگە و ئاسایشەوە پارێزگاری لێدەکەن، جگە لەوەش وەزارەتی دارایی هەرێم رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێدانی پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری و خزمەتگوزاریی دیکە.

**گوڵان:** بۆ رووبەڕووبوونەوی ئەو قەیرانە و کەمکردنەوەی خەرجی زیادەو کۆکردنەوەو دووبارە رێکخستنەوەی داهاتەکانی حکومەتی هەرێم چی کراوە؟

**رێباز محەمەد:** بێگومان لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەو پلانی نوێ راگەیەندرا، وێڕای ئەو بارودۆخەی ئێستا و قەیرانی ئابووری کە لە ئارادایە، چەندین رێوشوێنی پێویستی گرتۆتەبەر بۆ رووبەڕووبوونەوی ئەو قەیرانە لە رووی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و دانانی چەندین لیژنە لە وەزارەتی دارایی بۆ چاوخشاندنەوە بەو قەرزانەی کە حکومەت لای کۆمپانیا و بانکەکان و هاووڵاتیان هەیەتی، کە لە پێدانی پێشینەکان سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە حکومەتی هەرێم بە بەرنامە و پلانی تۆکمەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ئابوورییەکی سەربەخۆ و ژێرخانی ئابووری خۆی بەهێزتر بکات کە سەرجەم بوارەکان بگرێتەوە.

**گوڵان:** بۆ چارەسەری کەمیی سیولەی نەختینەیی چی کراوە؟

**رێباز محەمەد:** وەك پێشتر باسم کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی پێویستمان بە بەرنامەو پلانی تۆکمە هەیە و دەبێت راوێژ بە کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون بکەین، جگە لەوەش پێداچوونەوە بەو رێنماییانە بکرێت کە بارودۆخەکە وادەخوازێت هەموار بکرێتەوە، هەروەها پێویستە هەوڵ بدەین بانکە بازرگانییەکان جموجۆڵی زیاتر بە خۆوە ببینن و متمانەی بانکەکانیش بگەڕێنینەوە، هاوکات بە شێوەیەکی سەردەمییانە پێداچوونەوە بە سیستەمی بانکی بکرێت.



**سەفین دزەیی**

**وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# مووچەی ئاب تەواو بێت خەرجکردنی مووچەی ئەیلوول دەست پێدەکات

# یاسایەک ئامادەکراوە بۆ قەرزی نێودەوڵەتی و چاوەڕێ دەکەین پەرلەمان پەسەندی بکات

**وەزیرە کوردەکان لە حکومەتی بەغدا دەست بەکاربوون، دوای ئەوەش خەڵك چاوەڕێی ئەوە بوون پێش هەمووشت پرسی مووچە و بودجە چارەسەر بکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستاندن لەسەر کێشەکانی نێوان هەردوولا بچێتە بەغدا، لەمەش زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەکی گەڵاڵە کردووە بۆ ئەوەی بە وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان درێژەی پێبدرێ، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، چۆن سەیری ئەو کێشانەی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەن و تا چەند لە چارەسەری کێشەکان نزیك بوونەتەوە؟**

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ئەو بڕیارەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق دای بۆ بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکی نادروست و هەروەها پێشێلکردنی دەستوور و یاساکانی عێراق بوو، ئەو بڕیارە جۆرێك لە قەیرانی ئابووری لە کوردستان دروستکرد و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداشی زیاتر کرد، بەغدا قەناعەتیان وابوو کە بە بڕینی بودجە و مووچە خەڵکی کوردستان دێنە سەر شەقام و دژی حکومەتی هەرێم هەڵدەستن، بەڵام خۆشبەختانە حیساباتی بەغدا هەمووی بە هەڵە دەرچوو، چونکە خەڵکی هەرێم ئەو کات و ئێستاش زۆر خۆڕاگرترن لەوەی ئەوان بیریان لێدەکردەوە، راستە مووچەخۆران و بەڵێندەران و بازاڕەکان دووچاری کێشەی دارایی بوون، بەڵام جێی شانازییە کە ئەو خەڵکە خۆڕاگربوون و خۆیان بە خاوەنی حکومەتەکە زانیوە و نەچوونەتە ژێرباری ئەو پیلانەی کە وا داڕێژرابوو چۆك بە هەرێم دابدەن و ملکەچی بەغدای بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وایکرد کە حکومەتی هەرێم زیاتر هەست بە نەهامەتیی خەڵکەکە بکات و هەوڵ بدات مووچەی مانگانەیان بۆ دابین بکات، دواکەوتن هەیە، بەڵام هەر دەدرێت و لە ئێستاشدا وا مووچەی مانگی هەشت کۆتایی دێت و مووچەی مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات و تا کۆتایی ساڵ ئەو کێشەیە بەکۆتا دێت.

*** باستان لە مووچەی فەرمانبەران کرد، پێشتر دەگوترا کە بە گەڕانەوەی وەزیرە کوردەکان بۆ بەغدا مووچە دەنێردرێت، بەڵام ئەمەمان نەدی، هۆکارەکەی چییە، لە کاتێکدا جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرە کوردەکانیش دەست بەکاربوون؟**

- ئەوەی باستان کرد، تەنیا لەلایەن میدیاکانەوە خراوەتەڕوو، نە هەولێر و نە بەغداش نەیانگوتووەو کە دکتۆر عەبادی، یان وەزیرە کوردەکان دەست بەکاربن، مووچە دەنێردرێت، ئەمە مەرج نییە بۆ بەشداریکردنمان لە حکومەت، بەڵکو سێ مانگ مۆڵەتمان داوەتە بەغدا بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، ئێستاش کە حکومەتی بەغدا بە پێنج وەزیری کورد و هەروەها هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆ دەست بەکاربوون، چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا گفتوگۆکان دەست پێبکەن و رێگەچارە بۆ کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم دەستنیشان بکرێت و نیازپاکیی بەغدا پیشان بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە تواناو دەسەڵاتی بەغدادا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش بەم نزیکانە شاندی هەرێمی کوردستان دەچێتە بەغدا.

*** ئەو شاندەی دەچێتە بەغدا بۆ چارەسەری بودجەو مووچە**




**دەچێت، یان بودجەو مووچەکە پێش ئەم سەردانە دەنێردرێت، یاخود دوای سەردانەکە و ئینجا چارەسەری کێشەکانی دیکەش قسەو باسی لەسەر دەکرێت؟**

- کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، یاسای نەوت و غاز، یان پێشمەرگەو هەناردەکردنی نەوت و ماددەی ١٤٠ بووە کە بابەتی چارەنووسسازن، هیچ کاتێك بابەتی مووچەو بودجە کێشە نەبووە کە پێشتر ببێتە بابەت بۆ دانوستاندن، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە بەغدا خۆی دووچاری قەیرانی دارایی بۆتەوە، من نازانم ئەمە تاچەند راستە و ناتوانم هیچی لەبارەوە بڵێم، بەڵام ئەو وەزیرە بەڕێزانەی چوونەتەوە بەغدا قسەیان لەگەڵ کابینەکە کردووە کە بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و مووچە بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی شاندی هەرێم قسەی لەسەر دەکات، بابەتی چارەنووسسازن، هەر چەندە مووچە و بودجەش بابەتی گرنگن کە دەبێ قسەیان لەسەر بکرێت.

*** دوای ئەوەی هەشت مانگە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم براوە، دوا جار حکومەتی هەرێم بڕیاری دا قەرز لە دەرەوە وەربگرێت بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی باڵا پێکهاتووە، دەتوانین وردەکاریی ئەم قەرزە بزانین، لە رووی چۆنێتیی وەرگرتن و بڕی قەرزەکە و بۆ چ مەبەستێك وەردەگیرێت؟**

- رەنگە لای هەندێك سەیر بێت چۆن حکومەت قەرز دەکات کە خۆی مووچە بە خەڵك دەدات، لە هەموو وڵاتان تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووریش کە بودجە بۆ مووچە و بەکارخستن دادەنرێت، ناکرێ حکومەت بۆ پڕۆژە ستراتیژییەکان، یان ژێرخانییەکان لە مووچە کەم بکاتەوە، بەڵکو دەبێ قەرز وەربگرێت، هەرێمی کوردستانیش کە بۆ چەندین ساڵە لە ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتن بێبەش بووە، ئەوەی کە لە دەساڵی رابردوو کراوە بەو توانا سنووردارە کراوە، چونکە هیچ ژێرخانێکی نەبووە، بۆ نموونە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو ٣٠ ملیار دۆلاری پێویستە بۆ گەیاندنی ژێرخان و سەرخان بە ئاستێکی نێودەوڵەتی لە بواری پەروەردەو خوێندنی باڵاو تەندروستی و هەموو کەرتەکان، ئەوەی کە هەیە لە ٧٠٪ی دەدرێتە مووچە، بۆیە وەرگرتنی قەرز کارێکی رەوایە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ئەو بانك و ناوەندە داراییانەی کە قەرز دەدەن لەسەر بنەما و یاسای نێودەوڵەتی مامەڵە دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پڕۆژەیاسایەك لە ئەنجومەنی وەزیران ئامادە کراوە، تاکو بدرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بە یاسا پشتگیری لەم پڕۆژەیە بکرێت، بەم قەرزەش دەکرێت هەندێ پڕۆژەی خزمەتگوزاری و شتی دیکە لە هەرێم جێبەجێ بکرێت، نەك بۆ مووچە، چونکە ناکرێ بۆ مووچە قەرز وەربگرین، بەڵکو ئەمە بە رێگەی دیکە و بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەکرێت.

*** باستان لەوە کردووە کە تا کۆتایی ئەمساڵ دەکرێت نزیکەی ٤٥٠ هەزار بەرمیل رۆژانە هەناردە بکرێت، ئایا ئەو خەمڵاندنەی ئێوە کە دوو مانگمان ماوە بۆ کۆتایی ساڵ کە دەستتان پێکردووە ئایا وەك خۆی دەڕوات؟**

- هەندێ جار دەکرێ سیاسەتێك دابڕێژیت لەسەر ئەرزی واقیع، چ سیاسەتی دارایی، یان سیاسەتی دیکە، بەڵام لە کۆتاییدا تووشی حاڵەتێکی کتوپڕ دەبیت، وەکو شەڕی داعش کە کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، بەو شێوەیە رووبدات و رۆژانە خەرجییەکی زۆر بکەوێتە ئەستۆی حکومەت، ملیۆنێك و نیو ئاوارە و پەناهەندە لە هەرێمی کوردستان هەن کە زۆربەی خەرجییەکانیان لەسەر حکومەتی هەرێمە، لە کاتێکدا کە حکومەت خۆی کێشەی هەیە لە پێدانی مووچە و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، رەنگە دووچاری هەندێ کارەساتی سرووشتیش ببینەوە، کە کێشەی زیاترمان بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەگەر تا کۆتایی ئەمساڵ ئەم رێژەیەی کە لە ٤٠٠ هەزار بەرمیل زیاترە هەناردە بکرێت، رەنگە زۆر کێشەمان بۆ چارەسەر بکات.

**ملیۆنێک و نیو ئاوارە و پەناهەندە لە هەرێمی کوردستان هەن کە زۆربەی خەرجییەکانیان لەسەر حکومەتی هەرێمە، لە کاتێکدا کە حکومەت خۆی کێشەی هەیە لە پێدانی مووچە و جێبەجێکردنی پرۆژەکان، رەنگە دووچاری هەندێ کارەساتی سرووشتیش ببینەوە**

**راستە مووچەخۆران و بەڵێندەران و بازارەکان دووچاری کێشەی دارایی بوون، بەڵام جێی شانازییە کە ئەو خەڵکە خۆڕاگربوون و خۆیان بە خاوەنی حکومەتەکە زانیوە و نەچوونەتە ژێرباری ئەو پیلانەی کە وا داڕێژرابوو چۆک بە هەرێم دابدەن و ملکەچی بەغدای بکەن**



# پێشمەرگە

## مۆدێلێک بۆ بونیادنانی هێزی زەمینی دژی داعش

**کوردستان ئەزمونێکی سیاسی بۆ بونیادنانەوەی عێراق و ناوچەکە لە دوای سەرکەوتنی شەڕەکە**

«زۆر دوودڵم لەوەی چەکی پێشکەوتوو لەڕووی جووڵە و بزاوت و هێزی ئاگرینەوە بدرێت بە هەر حکومەتێکی عێراقی، لەبەر ئەوەی چەکی پێشکەوتوو، سەدام حوسێن و تانکەکانی سەدامم بیردەخاتەوە کە کوردستانی پێ کاولکرد، بەڵام ئەگەر پێشمەرگە بە هێزیش بێت و چەکی پێشکەوتوویشی پێبدرێت، لەو باوەڕەدا نیم تەماحی ئەوە بێت بەغدا داگیر بکات، بۆیە لەبری ئەوەی ئەمریکا چەکی زۆر پێشکەوتوو بدات بە حکومەتی عێراق، باشترە ئەو هێزە سەرەکییەی کە تیرۆریستانی داعش تێکدەشکێنێت، سوپای ئەمریکا بێت بە هاوکاری هەموو هێزەکانی دیکە، دوای تێکشکانی تیرۆریستانی داعشیش پێویستە ئەمریکا ببێتە میانگیرێکی راستگۆ بۆ گفتوگۆی نێوان ئەو لایەنانەی لە شەڕەکەوە سەرهەڵدەدەن، لەبری ئەوەی لایەنێک، یان پێکهاتەیەک باڵادەست بکات، لەبەر ئەوە دەبێت لەم رووەوە پتر لە سنووری سەربازی بیر بکەینەوە. پێشمەرگە تەواو بەتوانان لە بەرگریکردن لە خاک، مالیکیش ماوەیەکی زۆر پێش دروستبوونی داعش کارێکی کرد سوپای نیشتمانی عێراقی وەک هێزێکی نیشتمانی تێکبشکێت، ئێستاش ئەگەری دروستکردنەوەی سوپایەکی نیشتمانی زۆر مژدەبەخش، یان زۆر پرشنگدار نییە و ناشکرێت ئەو ماوە زۆرە چاوەڕوان بکەین. لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەدا نیم کە چەک بدرێت بە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی داعش لە ناو ببردرێت، پێش ئەوەی دڵنیا بین عێراقی دوای ئەو شەڕە چۆن دەبێت».

■ **تۆماس دۆنلی**

**سەرۆکی سەنتەری مارلین وێرە بۆ دیراساتی ئاسایش لە ئامۆژگای ئەمریکان ئەنتەر پرایس بۆ گوڵان ٢٠١٤/١٠/٢٢**

## ■ پێشمەرگە ناسنامەی نیشتمانێك لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا

کۆبوونەوەی چەند رۆژی رابردووی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ سەرۆك ئەرکانی ٢١ دەوڵەت لە کۆی ٦٠ دەوڵەتی هاوپەیمان لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، لەگەڵ ئەوەی چەند ئاماژەیەکی راستەوخۆی تێدایە بەوەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی تیرۆریستانی داعش تەنها بە هێزی ئاسمانی یەکلایی نابێتەوە و پێویستە بیر لە پێکهێنانی هێزێکی زەمینی بکرێتەوە کە لە سەر زەوی بتوانێت پێشڕەوییەکانی داعش رابگرێت، بۆ ئەمەش ئاماژە بە ئەزموونی هێزەکانی هاوپەیمان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن، بەوەی توانییان لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بێجگە لەوەی پێشڕەوییەکانی داعش رابگرن، لەهەمانکاتدا بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەشی کە لەلایەن چەکدارنی داعشەوە داگیرکرابوون، هەموویان ئازاد بکەنەوە، وەك بەنداوی موسڵ و زوممار و گوندەکانی دەوروبەری زوممار و مەخموور و رەبیعە و لەمەش زیاتر تەنها لە کوردستان دەستپێشخەریی شەڕ لە دەستی تیرۆریستانی داعش دەرهێنراوە و لە ئێستادا پێشمەرگە دەستپێشخەری هێرشی بەدەستەوەیەو لە کاتی گونجاودا بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ئەو ناوچانە ئازاد دەکاتەوە کە تیرۆریستانی داعش داگیری کردوون.

ئەم قەناعەتەی هاوپەیمانان بە بوونی هێزێکی چەکدار لەسەر زەوی بە هاوشێوەی پێشمەرگە لە شەڕەکانی کۆبانێ دووبارە ئەو راستییەی بەرجەستە کردەوە کە هێزی پێشمەرگە، یان شەڕڤانان ئەو هێزە راستەقینەیەن کە دەتوانن لەسەر خاکی خۆیان تا دوادڵۆپی خوێن شەڕ بکەن، لەمەش گرنگتر دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ رەجەب تەیب ئەرۆدگانی سەرۆکی تورکیا سەبارەت بە هاوکاریکردنی بۆ شکاندنی گەمارۆی کۆبانێ و ناردنی هێز، سەرۆکی تورکیا بەوە رازی بوو تورکیا مۆڵەت بە هێزی پێشمەرگە بدات بە ناو خاکی تورکیا بپەڕێتەوە بۆ کۆبانێ بۆ ئەوەی هاوکاری براکانی لە کۆبانێ بکات، هەروەك سەرۆکی تورکیاش بە سەرۆکی ئەمریکای راگەیاندووە: پێشمەرگە هێزێکی دەستووری و نیزامییە، لەبەر ئەوە بوار دەدات بە ناو خاکی تورکیادا بپەڕێتەوە بۆ کۆبانێ، ئەمەش نەك لە چوارچێوەی سوپای عێراقدا، بەڵکو لە ئاستی شەڕی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش و

بڕیاری پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر راسپاردەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و سپاردنی جووڵە و سەرکردایەتی ئەم هێزە بە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان راستەوخۆ لە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزەی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان لە ستراتیژیەتی سەربازیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستان وەك پێگەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و تەنانەت ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی عێراقیش پێوستی بە رەزامەندی حکومەتی بەغدا نییە.

ئەم ئاراستەیە بەو مانایە نییە هەرێمی کوردستان تەحەددای حکومەتی بەغدا دەکات، نەخێر، بەڵکو بەو مانایە کە لە ستراتیژیەتی شەڕی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرستانی داعش، پێگەی سوپای عێراق لەو ئاستە نییە پشتی پێببەسترێت، لەمەش زیاتر ئەوەیە کە ئەو سیاسەتی بەرگرییەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بۆ پاراستنی خاکی عێراق دایڕشتبوو، دەرکەوت نەك هەر سیاسەتێکی نانیشتمانی بووەو بووە هۆکاری ئەوەی عەرەبی سوننەی عێراق هێزەکانی داعشی لە سوپای عێراق خۆشتر بوێت، لە هەمانکاتدا لەدوای لابردنی (نوری مالیکی)یشەوە هەتا ئێستا حەیدەر عیبادی نەیتوانیوە هەنگاوی بەرچاو بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هەڵبگرێت و لانیکەم ئاراستەی پرۆسە سیاسییەکە بەو جۆرە راست بکاتەوە کە عەرەبی سوننەی عێراق بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت کە خۆی لە حکومەتی عێراقدا ببینێتەوە، هەروەها هەنگاویشی هەڵنەگرتووە وەك نییەتپاکی بۆ لابردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی شەڕە لەگەڵ تیرۆریستانی داعشدا. لەمەش مەترسیدارتر کە ئێستا هەموو شارەزایانی سیاسەتی ئاسایش و بەرگری لەسەر ئاستی جیهان هەڵوەستەی لەسەر دەکەن، شێوازی دابەشکردنی هەر دوو پۆستی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراقە، لەبەر ئەوەی راستە حەیدەر عەبادی بەوە رازی بووە، وەزارەتی بەرگری بدرێتە عەرەبی سوننە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی سپاردووە بە یەکێك لە ئەندامانی رێکخراوی بەدر، ئاشکراشە رێکخراوی بەدر هێندەی تێکەڵاوی یەکێك لە وڵاتانی دراوسێی عێراقە و زیاتر سیاسەتی مەزهەبی پیادە دەکات، هێندە سیاسەتی نیشتمانی پیادە ناکات، بۆیە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێگەی مەترسییە بەوەی حکومەتی عێراق وەزارەتی ناوخۆ وەك وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری بۆ عەرەبی شیعە ئاراستە بکات و وەزارەتی بەرگری پشتگوێ بخات، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە سوپای عێراق وەك سوپایەکی نیشتمانی کە هەموو عێراقییەکان بە سوپای خۆیانی بزانن لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نییە و لەم کاتەشدا ناتوانرێت وەك سوپایەکی نیشتمانی بونیات بنرێتەوە.

### ■ شەڕی تیرۆریستانی داعش لەناو نەخشەی سایکس پیکۆ ناکرێت

دبلۆمات و ستراتیژناسەکانی ئەمریکا هەموو کات سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا رووبەڕووی پرسیارێکی موحریج دەکەنەوە، ئەو پرسیارەش ئەوەیە: ئەگەر نەخشەی سایکس پیکۆ و پەیماننامەی ئاشتی پاریس لەسەر بنەمای ئەو نەخشەیە دژی چەمك و بیرکردنەوەی (وۆردۆ ولسن)ی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بوو بێت، ئایا بۆچی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هێندە خۆی پابەندکردووە بە نەخشەی سایکس پیکۆ وەك میراتگری ئەو نەخشەیەی بەرگری لێدەکات؟ لەوانەیە بۆ ئێمەی کورد باسکردنی سایکس پیکۆ تەنها لەو روانگەیەوە بخوێنینەوە کە بۆتە لەمپەر و ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنی دەوڵەتی کوردستاندا، بەڵام ئەگەر ئەم تێڕوانینە بۆ ئێمەی کورد مافی خۆمان بێت وا سەیری بکەین، لە هەمانکاتدا بۆ گەورە هێزێکی وەك ئەمریکا کە شکۆی سۆپەرپاوەرێتی لەجیهاندا بەستراوەتەوە بە ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرچاوەی وزە لە دەستی ئەمریکادا دەهێڵێتەوە، خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێت، لەو روانگەیەوە سەیر بکرێت، هەتا سنوورەکانی ئەم نەخشەیە بە پیرۆز سەیر بکرێت، ئاشتی و سەقامگیری لەو ناوچەیە بوونی نابێت، لە بنەڕەتیشدا کە ئەم نەخشەیە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا بەو جۆرە داڕێژراوە بۆ ئەوە بووە کە لەو وڵاتانەی ئەوان داگیری دەکەن، شێوازی پێکهاتەی دانیشتووانەکەیان تێکەڵاو بێت و هەرگێز لە نێو دانیشتووانی ئەو وڵاتانە هێزێکی نیشتمانی دروست نەبێت کە بیر لە کۆتاییهێنان بەداگیرکاری بکەنەوە، هەر بۆیە هەموو کات پشتگیری کەمینەیەکیان کردووە کە بە زەبری هێز حوکمڕانی ئەو وڵاتانە بکەن و سەرەنجامیش هەر بە زەبری هێز و لە چوارچێوەی کودەتای سەربازی رژێمەکان بگۆڕدرێن. راشکاوانەتر گۆڕانکاری لە دەموچاوەکان رووبدات، بەڵام گۆڕانکاری راستەقینەی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی هیچ کام لەو وڵاتانە روو نەدات.

ئەم حاڵەتە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو هەتا گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠١١ی وڵاتانی عەرەبی

■ **دەرکەوت تەنها لایەنێک بتوانێت پشتگیری کۆبانێ بکات، ئیرادەی کوردە لە هەر چوارپارچەی کوردستان، بۆیە هەر لەسەرەتای شەڕی کۆبانێ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند، بەرگریکردن لە هەولێر و کۆبانێ هیچ جیاوازییەکی نییە**

■ **سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و راستەوخۆ لەگەڵ ژووری عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان پەیوەندی هەیە بۆ چۆنیەتی داڕشتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە کوردستان، هەوڵی زۆریدا کە هاوپەیمانان هێرشە ئاسمانییەکانیان بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە دەوروبەری کۆبانێ دەست پێبکەن، ئەمەش کرا**

**ڕاستە لەم شەڕە نێودەوڵەتییە فراوانەی دژ بە تیرۆر کورد و هێزی پێشمەرگە پێویستی بە هاوکاری لۆجیستی و سەربازیی دەوڵەتانی هاوپەیمانان هەیە، بەڵام ئەوەی لەسەر زەوی دەتوانێت کورد بپارێزێت، تەنها ئیرادەی کورد و لوولەی تفەنگی پێشمەرگەیە**

**ڕێکخراوی بەدر هێندەی تێکەڵاوی یەکێک لە وڵاتانی دراوسێی عێراقە و زیاتر سیاسەتی مەزهەبی پیادە دەکات، هێندە سیاسەتی نیشتمانی پیادە ناکات**

وابووە کە چەند کەسێك لە چوارچێوەی ڕژێمێکی خۆسەپێندا حوکمڕانییان کردووە، هەر بۆ نموونە حوسنی موبارەکی میسر کە ماوەی ٣٠ ساڵ سەرۆکی میسر بووە، سیستمی سیاسیی میسر هەر لە ساڵی ١٩٥٢ کە جەمال عەبدولناسر کودەتای کردووە هەتا ٢٠١١ هەر یەك سیستم بووە، لەبەر ئەوەی دوای مردنی جەمال عەبدولناسر، ئەنوەر سادات هەر لەهەمان ڕژێم بوو کە بووە سەرۆك کۆمار و دوای کوشتنی (سادات)یش، موبارەك هەر لە هەمان حزب و لە هەمان ڕژێم بووە، دیارە (موعەمەر قەزافی)یش ماوەی ٤٢ ساڵ لە ١٩٦٩-٢٠١١ هەر خۆی سەرۆك بووە، (زەینولعابدین بن عەلی)یش کە ماوەی ٢٤ ساڵ سەرۆکی تونس بوو، دووەم سەرۆکی تونس بووە دوای ڕزگاربوونی تونس لە ساڵی ١٩٥٦، بوونی زەینولعابدین بە سەرۆك ڕاستە بە کودەتایەکی سپی بووە بەسەر بورقیبەدا، بەڵام کودەتاکەی عابدین وەك کودەتاکەی سەدام حوسێن بوو لە ساڵی ١٩٧٩ بەسەر (ئەحمەد حەسەن بەکر)دا، دیارە سەرۆکی ئێستای سووریاش کوڕی سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە (حافز ئەسەد)ە کە ئەوانیش زیاتر لە ٤٥ ساڵە حوکمڕانی سووریا دەکەن. بارودۆخی جەزائیریش ئاشکرایە چۆن حوکمڕانی دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە حوکمڕانی ئەمیر و پاشاکانی وڵاتانی عەرەبییە، کە ئەوانیش وەك ئەمیر و پادشاکانی ڕۆژئاوا حوکمڕانی ناکەن، بەڵکو وەك ئەمیر و پادشای ڕەها لەگەڵ میللەتی خۆیان مامەڵە دەکەن و خۆیان خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکن.

لەماوەی ساڵانی ١٩٥٦-٢٠١١ کە ئەمریکا خۆی خاوەنی هەژموونی یەکەم بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، لەماوەی ئەم ٥٥ ساڵەدا هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە پارێزگاری بە ئەمری واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ڕابگرێت، بەڵام دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠١١ و ڕووخانی ڕژێمەکانی میسر و لیبیا و تونس و ئاژاوەکانی سووریا، دەرکەوت کە چیتر ناتوانرێت لەناو ئەو نەخشەیە ئاشتی و سەقامگیری دووبارە بونیات بنرێتەوە، لەمەش زیاتر دەرکەوت پشتگیری ئەمریکا بۆ ڕژێمەکانی هاوشێوەی میسر و تونس و لیبیا و عێراق، چ کارەساتێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها پشتگیری ئێستای بۆ ڕژێمی ئەمیر و پادشاکانیش چ دیاردەیەکی دروستکردووە، لیسلی گلپ گوتەنی ئەو ڕژێمی ئەمیر و پادشایانەی کە ئەمریکا بە هاوپەیمانی خۆیانی دەزانێت بە ملیۆنەها دۆلار پشتگیری ڕێکخراوە تیرۆریستی و جیهادییەکان دەکەن بە داعش و ئەوانەشی لە دەرەوەی داعشن. ئەمانە پێمان دەڵێن:

١. ئەو ڕژێمە ئەمیری و پادشاییانەی کە ئێستا ئەمریکا پشتگیرییان دەکات و بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنرێن، لەدوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠١١ وڵاتانی عەرەبی گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی ئەوەی دەیانپارێزێت ئەمریکا نییە، بەڵکو ئەو دۆستانەیە کە بە ڕێگەی هاومەزهەبی کۆیان دەکاتەوە، بۆیە لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستە مەزهەبی سوننە لە دەوری مەزهەبی سوننە کۆ بێتەوە و شیعە لە دەوری شیعە.

٢. لە سووریادا ئەم حاڵەتە تەواو بەرجەستە بووە، جێگەی خۆیەتی بپرسین: ئایا بۆ موعەمەر قەزافی ڕووخا، بەڵام بەشار ئەسەد مایەوە؟ ئایا سوپاکەی ئەسەد لە سوپاکەی قەزافی بەهێزترە؟ لە کاتێکدا بەشار ئەسەد پزیشکی چاوە، بەڵام موعەمەر قەزافی پلەدارێکی سەربازی بووە بە پلەی عەقید و ماوەی ١٠ ساڵ خۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە لە لیبیا و پاشان وەك فەرماندەی کۆماری جەماوەری لیبیا خۆی ناساند، بۆیە مانەوەی ئەسەد لە سووریا ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت: ئەوەی ناهێڵێت ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت، هاومەزهەبی سەرۆکی سووریایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها هاومەزهەبییە لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی، ئەوەش نەشاردراوەتەوە کە حزبوڵڵا بەئاشکرا هێزی بردە دیمەشق و نەیهێشت دیمەشق بکەوێتە مەترسییەوە، بە هەمان شێوە لە عێراقیش دوای ئەوەی داعش موسڵی داگیرکرد، بە ئاسانی دەگەیشتە بەغدا، بەڵام ئەوەی نەیهێشت بەغدا بکەوێتە دەستی تیرۆریستان، هاومەزهەبی حکومەتی بەغدا بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، نەك ئەمریکا.

٣. ئەگەر بە دیوێکی دیکە هاوکێشەکە بخوێنینەوە، دەبێت بپرسین: ئایا بۆچی داعش توانی بە ئاسانی موسڵ داگیر بکات، بەڵام نەیتوانی ئامرلی داگیر بکات؟ هۆکارەکەی ئەوەیە عەرەبی سوننەی عێراق، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێندەی وەك ڕێکخراوێکی سوننە سەیر دەکەن، هێندە وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەیری ناکەن، باشترین نموونەش خۆبەدەستەوەدانی بنکەی سەربازی فیرقەیەکی دیکەی عێراقی بوو لە هیت لە سنووری پارێزگای ئەنبار لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، کەواتە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لەسەر بنەمای تیرۆر و دژە تیرۆر ئەم شەڕە پێناسە بکات، ئەوا ئەم شەڕە ڕێگە بەو پێناسەیە نادات.

٤. با بپرسین: بۆچی شەنگال و جەلەولا داگیرکرا؟ لەمەش زیاتر بۆچی ئازادکردنەوەیان کاتی دەوێت و ئاسان نییە؟ وەڵامی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە



که ئەو ناوچانە و دەوروبەری ئەو ناوچانە تێکەڵاون، عەرەبی سوننە پێش هەر لایەك بڕیاری خۆی داوە کە دەبێت خۆی لەگەڵ سوننە یەکلایی بکاتەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە و بە هاوکاری هۆزەکانی عەرەب لەو ناوچانە (کە کورد مەزندەی نەدەکرد عەرەبی سوننە بەو جۆرە رەفتار بکات و خیانەت لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە بکات) توانییان ئەو ناوچانە داگیربکەن، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە قووڵاییەکی جوگرافی تێکەڵاوی هەیە، ئەوا بۆتە لەمپەر و ئاستەنگ کە نەتوانرێت بە ئاسانی پێشمەرگە رزگاریان بکاتەوە. ئەم رووداوانە لایەنی کوردیشی گەیاندە قەناعەت، بەتایبەتی دوای ژینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان و ئاوارەبوونیان دیاردەی سەیرتری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەویش ئەوە بوو تەنانەت حکومەتی بەغداش وەك پێویست هاریکاری پێشمەرگەی نەکرد، هەروەها هاریکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەکرد بۆ ئەوەی باری ئاوارەکان ئاسان بکات، ئەمە گەیشتە ئەو ئاستەی خاتوو ڤیان دەخیل لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە گریان سەرنجی هەموو جیهان بۆ کارەساتی کوردانی ئێزدی بەهەژێنێت، بۆیە ئەم رووداوە ئەوەشی بە کورد سەلماند کە بێجگە لە کورد و یەکبوونی کورد هیچ هێزێکی دیکە کوردی پێناپارێزرێت، راستە لەم شەڕە نێودەوڵەتییە فراوانەی دژ بە تیرۆر کورد و هێزی پێشمەرگە پێویستی بە هاوکاری لۆجیستی و سەربازیی دەوڵەتانی هاوپەیمانان هەیە، بەڵام ئەوەی لەسەر زەوی دەتوانێت کورد بپارێزێت، تەنها ئیرادەی کورد و لوولەی تفەنگی پێشمەرگەیە.

**لە ستراتیژیەتی شەڕی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرستانی داعش، پێگەی سوپای عێراق لەو ئاستە نییە پشتی پێببەستریت**

٥. ئەم قەناعەتە لای کورد لە شەڕی کۆبانێ چوارچێوەی تیۆری گۆڕی بۆ ئەمری واقیع، لەبەر ئەوەی دەرکەوت تەنها لایەنێك بتوانێت پشتگیری کۆبانێ بکات، ئیرادەی کوردە لە هەر چوارپارچەی کوردستان، بۆیە هەر لەسەرەتای شەڕی کۆبانێ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند، بەرگریکردن لە هەولێر و کۆبانێ هیچ جیاوازییەکی نییە، لەسەر ئاستە جیاوازەکانیش کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی رێگەیەك بدۆزرێتەوە هاوکاری شەرڤانانی کۆبانێ بکرێت، لەدوای ئەو بانگەوازەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەوڵەکان بۆ پشتگیریی

**کوردستان لە ستراتیژیەتی سەربازیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستان وەک پێگەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و تەنانەت ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی عێراقیش پێویستی بە رەزامەندی حکومەتی بەغدا نییە**

کۆبانێ لەسەر سێ ئاست خۆی خستەڕوو:

■ لەسەر ئاستی سۆزی شەقام بۆ پشتگیریی کۆبانێ کە هەموو شارەکانی رۆژهەڵات و باکوور و باشووری کوردستانی گرتەوە، ئەم سۆزە خۆڕسکە بەجۆرێك لەدایکبوو کە ئەو بانگهێشت و بانگەوازەی لە ئامەد گوێمان لێدەبوو، هەمان بانگەواز بوو کە لە زاخۆ، دهۆك، هەولێر، سلێمانی، خانەقین، مهاباد و کرماشان و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان گوێمان لێی دەبوو، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری رەخساند بۆ بارودۆخێکی نوێ هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەمیش لەسەر ئاستی ناوخۆی هەمووی کوردستان.

■ جۆرێکی دیکەیان موزایەدەی سیاسیی حزبی بوو، قۆستنەوەی بارودۆخەکە بوو بۆ بەکارهێنانی ئەو سۆزە نیشتمانییە بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و دروستکردنی نفووزی سیاسی لەو ناوچانەی ئەو حزبانە نفووزی سیاسیان نییە، ئەم جۆرەیان هەڕەشەی لەسەر یەکگرتوویی خیتابی سیاسی کوردستانی دروستکرد، بەڵام لۆژیکی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی هەرێم لەو دەنگۆ و موزایەدە سیاسییانە گەورەتر بوون.

■ هەوڵی سێهەمیان کە شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد، لەسەر سێ ئاست بوو، یەکەمیان بەو سیفەتەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و راستەوخۆ لەگەڵ ژووری عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان پەیوەندی هەیە بۆ چۆنیەتی دارِشتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە کوردستان، هەوڵی زۆریدا کە هاوپەیمانان هێرشە ئاسمانییەکانیان بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە دەوروبەری کۆبانێ دەست پێبکەن، ئەمەش کرا، هەروەها هەوڵدان بوو بۆ گەیاندنی کۆمەکی سەربازی لە رێگەی



ئاسمانەوە بۆ کۆبانێ، ئەمەشیان کرا، هەوڵی دووەمی بارزانی قسەکردن بوو لەگەڵ تورکیا، لەبەر ئەوەی کۆبانێ تەنها یەك ڕێگەی هەبوو ئەویش سنووری تورکیا بوو، بۆ ئەوەی سنوور بکاتەوە، هەم خەڵکی سڤیلی کۆبانێ بگەنە باکووری کوردستان، هەمیش ڕێگە بدات ئاوارەکانی کۆبانێ بێنە وڵاتی خۆیان لە باشووری کوردستان، هەوڵی سێهەمی بارزانی هەوڵدان بوو بۆ ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژئاوا، ئەمەش وەك لە چەند ڕۆژی رابردوو بینیمان ڕێککەوتنی دهۆك ئیمزا کرا و پاشانیش بڕیار درا پێشمەرگە بۆ هاوکاری براکانیان بنێرنە کۆبانێ.

٦. ئەگەر هەر لەم چوارچێوەیەدا هەڵوێستی کۆماری تورکیا لە بەرامبەر داعش هەڵبسەنگێنین، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا دەتوانین چ خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بکەین؟ بێگومان هەڵوەستەکردن لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەداعش، راشکاوانەتر راستییەکانمان بۆ دەردەخاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری ئەو داوایانەی تورکیا بکەین کە راشکاوانە بە هاوپەیمانانی ناتۆ و هەروەها راشکاوانەش بە سەرۆك و ئیدارەی ئەمریکای راگەیاندووە، هەست دەکەین تورکیا هێندەی لە روانگەی مەزهەبی سوننەوە سەیری هاوکێشە سیاسییەکە دەکات، هێندە وەك دەوڵەتێك سەیری ئەو هاوکێشەیە ناکات کە زیاتر لە ٥٠ساڵە ئەندامی ناتۆیە و کاندیدە بۆ ئەندامیەتی یەکێتی ئەوروپا، بۆیە لەم روانگەیەوە زۆر بە ئاسانی لەوە تێدەگەین و تورکیاش نەیشاردۆتەوە، ئیخوان موسلمین و ڕێکخراوی داعش لە ڕژێمێکی وەك ئەسەد بە باشتر دەزانێت، هەروەك چۆن لە میسریش حوکمڕانیی ئیخوانەکانی لە هەڵبژاردنی عەبدولفەتاح سیسی بە باشتر دەزانی، دوای دوورخستنەوەی محەمەد مورسی سەرۆکی میسر کە ئیخوان بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت پەیوەندییەکانی تورکیا و میسر ئاسایی نییە. بۆیە تورکیا دەخوازێت ئاکامی ئەم شەڕە گۆڕینی ڕژێمی ئەسەد بێت، نەك بۆ حوکمڕانییەکی دیموکراتی، بەڵکو بۆ حوکمڕانییەك کە لە ئیخوان موسلمینەوە نزیك بێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دەخوازێت کۆبانێ بکەوێت، بۆ ئەوەی هاوپەیمانان رازی بن، مەرجەکانی تورکیا پەسەند بکەن.

ئەم باکگراوەندە گرنگ بوو بۆ ئەوەی لە جەمسەربەندی هاوکێشەکانی ناوچەکە و لە تێڕوانینی توخمەکانی ناو ئەم هاوکێشەیە تێبگەین، لەوانەیە وا هەست بکرێت ئەم هەڵە ئەنقەستەی ناو نەخشەی سایکس پیکۆ پێشتر هەستی پێنەکراوە، لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین: پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان، هەست بەوە کراوە، نەخشەی سایکس پیکۆ، ئاشتیی هەمیشەیی دروست ناکات، تەنانەت دژی ١٤ خاڵەکەی وۆردۆ ویلسنی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بوو، بۆیە هەر ئەوکات هەوڵدرا نەخشەیەکی دیکە بۆ ناوچەکە دابڕێژرێتەوە کە بە نەخشەکەی لۆرانسی عەرەب ناسراوە و لەو نەخشەیەدا حیساب بۆ ئەو جەمسەربەندییە کراوە کە ئێستا بە خۆڕسکی لە هاوکێشەکە و لە تێڕوانین بۆ هاوکێشەکە رەنگی داوەتەوە، بەڵام بەرژەوەندیی ئەو کاتی دەوڵەتانی گەورەی وەك فەرەنسا و بەریتانیا، (سایکس پێکۆ)یان کرد بە ئەمری واقیع و بۆ ماوەی سەدەیەك گەلانی ناوچەکە باجەکەیان دا. هەر بۆیە بۆ ئێستاش کە شەڕی تیرۆریستانی داعش بە تەواوەتی لەسەر ئەرزی واقیع نەخشەیەکی دیکەی دروستکردووە، ئەوا دەبێت لەسەر ئەو نەخشە تازەیە کار بکرێت، ئەگەرنا هاوپەیمانان جەنگی تیرۆریستانیش ببنەوە، بەڵام شەڕەکە دەدۆڕێنن.

## ■ سوودوەرگرتن لە هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری سیاسییانە لە ناوچەکە

لە ژمارەی مارت و نیسانی ٢٠١٤ هەردوو تۆێژەرەری گەورە (مارینا ئۆتاوای و دیڤید ئۆتاوای) تویژینەوەیەکی گرنگیان لە گۆڤاری (فۆرین ئەفێرز) بڵاوکردەوە. ئەو تویژینەوەیە نزیکەی ٧٠ رۆژ پێش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعش بڵاو کراوەتەوە، هەر ئەوکات لەبەر گرنگی ئەو تویژینەوەیە گوڤاری گوڵان بە کوردی بڵاوی کردەوە. لەو تویژینەوەیەدا کە دوو کەسی زۆر شارەزا لەسەر بارودۆخی ناوچەکەیان نووسیبوو، راشکاوانە ئاماژەیان بەوە کردبوو کە نەخشەی سایکس پیکۆ کۆتایی پێهاتووەو ئێستا لە دووڕیانێکدایە، یان ئەوەیە ناوچەکە دەبێتە شەڕ و توندوتیژی و لە ئاکامدا ئەم نەخشەیە بوونی نامێنت، یان ئەوەتا دەکرێت پیش ئەوەی ئەمە رووبدات، لەناو نەخشەی دەوڵەتە تەقلیدییەکانی ناوچەکە سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگیردرێت، بە شێوەیەکی زۆر تایبەتیش بۆ هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق، هەروەها جەخت لەوە کرابووەوە کە رەوانەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە ڕێگەی بۆڕی بەسەر خاکی تورکیادا، گۆڕانکارییەکی دیکە لە پەیوەندیی باشوور و باکووری کوردستان دروست دەکات، پاراستنی بۆڕییە نەوتییەکان و بەرژەوەندییەکانی کورد و تورك، پێویستی بەوە دەبێت تورکیا پرۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ کوردی باکوور بەرەوپێشەوە ببات و چارەسەری بکات، لەمەشدا دیسان هۆشداری ئەوە درابوو، ئەگەر تورکیا کێشەی

■

**هەموو بۆچوونەکان ئەو راستییەمان پێدەڵێن کە ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشەوە ستراتیژیەتی بۆ دادەڕێژێت و لەسەر بنەمای یەکریزی نێو ماڵی کورستان و فیداکاری هێزی پێشمەرگە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، ئەویش پاراستنی ئەزموونی باشووری کوردستانە وەک پێگەیەک بۆ هاوکاری هەموو کورد، هەتا ئەم شەڕە کۆتایی دێت، پاشانیش لە ڕێکخستنەوەی سیاسی ناوچەکە، ئەزموونی باشووری کوردستان نەخشەڕێگە بۆ پارچەکانی دیکەش دیاری بکات**

■

**ئەمریکا نەیتوانی لە عێراقدا کارێک بکات کە نوری مالیکی زیاتر عێراق بەرەو لێواری هەڵدێر نەبا، هەروەها نەیتوانی گوشارێک لەسەر بەغدا دروست بکات، بۆ ئەوەی پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە کۆتایی بێت و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداش بە دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکا**



**قۆستنەوەی بارودۆخەکە لە بەکارهێنانی ئەو سۆزە نیشتمانییە بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و دروستکردنی نفووزی سیاسی لەو ناوچانەی ئەو حزبانە نفووزی سیاسیان نییە، ئەم جۆرەیان هەڕەشەی لەسەر یەکگرتوویی خیتابی سیاسی کوردستانی دروستکرد، بەڵام لۆژیکی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی هەرێم لەو دەنگۆ و موزایەدە سیاسییانە گەورەتر بوون**

**ئەوەی ناهێڵێت رژێمی ئەسەد بڕووخێت، هاومەزهەبی سەرۆکی سووریایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها هاومەزهەبییە لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی، ئەوەش نەشاردراوەتەوە کە حزبوڵڵا بەئاشکرا هێزی بردە دیمەشق و نەیهێشت دیمەشق بکەوێتە مەترسییەوە، بە هەمان شێوە لە عێراقیش دوای ئەوەی داعش موسڵی داگیرکرد، بە ئاسانی دەگەیشتە بەغدا، بەڵام ئەوەی نەیهێشت بەغدا بکەوێتە دەستی تیرۆریستان، هاومەزهەبی حکومەتی بەغدا بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، نەک ئەمریکا**

کورد چارەسەر نەکات، ئەوا بەرژەوەندییەکانی سەلامەت نابن.

بەداخەوە بەر لەوەی تیرۆریستانی داعش موسڵ داگیربکەن و چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی شەش فیرقەی عێراقیان دەست بکەوێت، هەروەها پێش ئەوەی تیرۆریستانی داعش چەند فیرقەیەکی سوپای رژێمی ئەسەدیان بکەوێتە دەست و پارێزگا و ناوچەیەکی فراوان لە سووریا داگیر بکەن، هەنگاوەکان بۆ دابەشکردنی نەرم و دوور لە توندوتیژی نەك هەنگاوی بۆ هەڵنەگیرا، بەڵکو ئیدارەی ئەمریکا نەیتوانی لە عێراقدا کارێك بکات کە نوری مالیکی زیاتر عێراق بەرەو لێواری هەڵدێر نەبا، هەروەها نەیتوانی گوشارێك لەسەر بەغدا دروست بکات، بۆ ئەوەی پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە کۆتایی بێت و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداش بە دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

کەواتە دوای ئەم کەمتەرخەمییەو رووداني ئەوەی نەدەخوازرا رووبدات و روویدا، ئیدی لە ئێستادا ناتوانرێت لەسەر گریمانەی یەکەمی توێژینەوەی ماریناو دیڤید بەدواداچوون بکەین و تەنها رێگە ئەوەیە شرۆڤەی گریمانەی دووهەم بکەین، کە ئەگەر شەڕێکی خوێناوی لە ئەنبارەوە تا سەر دەریای سپی ناوەڕاست دروست بوو، چۆن چارەسەر دەکرێت. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر لیسلی گلب (کە بێجگە لەوەی سەرۆکی فەخری ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە لە واشنتۆن، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی سیاسی یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە بۆچوونەکانی کاریگەری لەسەر ئیدارەی ئەمریکا بەگشتی و ئیدارەی ئێستای ئەو وڵاتە هەیە، هەروەها لەگەڵ جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆك ئۆباما، چەند ساڵێك پڕۆژەی هاوبەشیان بۆ عێراق هەبووە و پڕۆژەکەشیان لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس کە خودی جۆزیف بایدن سەرۆکی ئەو لیژنەیە بووە، دەنگی پێدراوە و پەسەندبووە)، هەفتەی رابردوو دووبارە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە تەنها رێگە بۆ عێراق پیادەکردنی ئەو شێوازی فیدراڵیزمەیە کە حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی زۆر سنووردار و کەم بێت و حکومەتی هەرێمە فیدراڵییەکان دەسەڵاتیان زۆر و فراوان بێت، پرۆفیسۆر لیسلی گلب لەو وتارەیدا بێئومێدی خۆی لەوە پیشاندابوو کە ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئەم هەوڵە ناتوانێت هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت، بۆیە لەم هەفتەیەدا وتارێکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی: «تەنها رێگە بۆ شکستپێهێنانی داعش هاوپەیمانییە لەگەڵ ئەسەد و ئێران»، لەم وتارەشدا وێڕای وردەکاری زۆر لەسەر هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق و چەکدارانی موعارەزەی سووری کە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێن، راشکاوانە جەختی لەوە کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی رژێمەکەی ئەسەد هێزی دژەئاسمانی خۆی دژی فڕۆکەکانی ئەمریکا بەکارنەهێناوە کە دێنە ئاسمانی سووریا و بنکەکانی داعش بۆردومان دەکەن، بەڵام هێزەکانی ئەسەد کە ژمارەیان زیاتر لە ١٠٠ هەزار سەرباز دەبێت و زیاتر لە ٣٠٠ فڕۆکەی شەڕکەری سیخۆی هەیە، هێرشەکانیان بۆ سەر داعش کز کردووە و لەسەر چەکدارانی موعارەزەی سووریا توندی کردووە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئاکامی شەڕی داعش نەبێتە هۆکاری رووخانی رژێمەکەی ئەسەد. پرۆفیسۆر گلپ هۆشداری دەداتە ئیدارەی ئەمریکا و بەبیری دەهێنێتەوە، چۆن ئەمریکا بووە هاوپەیمانی ستالین لە دژی هیتلەر، لە ئێستاشدا هیچ رێگەچارەیەکی لەبەردەمدا نییە، بیجگە لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەسەد و ئیران بۆ تێکشکانی داعش، بەڵام گلپ ئەوەشی نەشاردۆتەوە ئەم رێگەیە وادەکات جەنگەکە ببەنەوە، بەڵام ناتوانن بڵێن شەڕەکە دەبەینەوە.

ئەم رەشبینییەی گلپ لەماوەی کەمتر لە ١٠ رۆژدا ئەوەمان پیشاندەدا، هێشتا بەرژەوەندییەکان رێگە بەوە نادەن بەشێوەیەکی نەرم بیر لە چارەسەر و دابەشکردنەوەی نەخشە کۆنەکە بکرێتەوە، بۆیە پرۆفیسۆر تۆماس دۆنلی لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا کە لەگەڵ ئەم راپۆرتە بڵاو دەبێتەوە، راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت ئەمریکا خۆی راستەوخۆ بێتە ناو شەڕەکە و بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە سوننە میانڕەوەکان و شیعە ئەم جەنگە کۆتایی پێبهێنێت و پاشان بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کوردستان و بە سەرپەرشتی و میانگیریی راستگۆیانەی ئەمریکا دووبارە ناوچەکە و عێراق رێکبخاتەوە.

کەواتە هەموو بۆچوونەکان ئەو راستییەمان پێدەڵێن کە ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشەوە ستراتیژیەتی بۆ دادەڕێژێت و لەسەر بنەمای یەکڕیزی نێو ماڵی کورستان و فیداکاری هێزی پێشمەرگە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، ئەویش پاراستنی ئەزموونی باشووری کوردستانە وەك پێگەیەك بۆ هاوکاری هەموو کورد، هەتا ئەم شەڕە کۆتایی دێت، پاشانیش لە رێکخستنەوەی سیاسی ناوچەکە، ئەزموونی باشووری کوردستان نەخشەڕێگە بۆ پارچەکانی دیکەش دیاری بکات.

# دەوڵەتی کوردستان بەرامبەر داعش



نەوزاد جەمال*

بۆ گوڵان نووسیوویەتی

## پێشەکی

ئەگەر ئێمە بۆ رەگی کێشە و گرفتەکان، بۆ سەرچاوەی ئایین و ئەفسانەکان، بۆ سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکانی جیهان بگەڕێینەوە، ئەوا بێ سێ و دوو لە <خۆرهەڵاتی ناوین>دا دەیانبینینەوە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین؛ <خۆرهەڵاتی ناوین> دڵی جیهانە. شادەماری بەریەککەوتنی شارستانی و پێکدادانی سیاسیی زلهێزەکانە. ئەوەی مایەی سەرنجیشە، بوونی کوردو کوردستان لەو پنتە سەختەی جیهاندا کە هەم مایەی خۆشبەختی، هەم سەرچاوەی نەگبەتی و نەهامەتییە. بە دیوێکدا دەوڵەمەندی و بزۆزی ناوچەکە نیهادی باشی بۆ کورد هەڵگرتووە، بەدیوەکەی دیکەشیدا، زەمینەی بێبەشی لەهەر مافێکی مرۆیی و ستەم و ماڵوێرانی بووە.

ئەمڕۆ بەدیاریکراوی ناوچەکە بۆ ماوی سێ ساڵە لەبەردەم ئاڵوگۆڕی سەرسەختدایە. ئەگەرچی رەنگە، بیرۆکەی <پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوین> زادەی سەدەیەک لەمەوبەر بێ و بگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی دەوڵەتە مەزنەکان. هاوکات پێداویستی وزە لەگەڵ سەردەمی کۆلێنیالیزم و نەخشەسازی دروستکردنی دەوڵەتان و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە سروشتییەکاندا هەماهەنگ بووە. ئەگەر سەردەمانێک، کوردستان بەشێکی ئەو پڕۆژە مەزنە بوبێت، لەوێوە ماڵوێرانییەکان دەستیان پێکردووە. بەڵام، ئەمڕۆش کە هەر بەشێکە لەو پڕۆژەیە، دەکرێ خۆی خاوەن و نوێنەربێ. واتە لەناو پڕۆژەیەکی مەزندا خۆی پڕۆژەساز بێ، نەک پڕۆژە لەسەر جێبەجێکراو بێ.

دیارە، هەبوونی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی- نیشتمانی ئەنگیزەو بەرنامەیەک نییە کەهەر لای کورد هەبێ، بەڵکو دەوڵەتە هەرێمییەکان بەتایبەت تورکیا و ئێران لەمێژەوە کارسازییان بۆ کردووە، بەڵام ئەوەی مایەی رامان و سەرنجە، شتێکی تازەیە کە ناوی پڕۆژەی <دەوڵەتی ئسیلامی> (داعش)ـە. لێرەوە، کورد تەنیا خۆی لە بەرامبەر پڕۆژەگەلی دەوڵەتە زلهێز و هەرێمییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو لە بەستێنێکی مێژوویی و جوگرافی سەرسەختدا، لەبەرامبەر پڕۆژەیەکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە کە داعشە. لێرەوە، دەبێ ئێمە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار و نیگەرانی بدەینەوە: بۆ داعش بووە هەڕەشە و کەوتە شەڕ لەگەڵ کوردستان؟ ئایا دەکرێ داعش کارتی بەسوود بۆ ئێمە بڕەخسێنێ؟ چۆن هەڕەشەو مەترسییەکان دەبنە دەرفەت و هەلی جێبەجێکردنی پڕۆژەی کوردستانی و نزیکبوونەوە لە خواست و مافەکان؟ چەندین پرسیاری دی هەن کە بەچەند تەوەرێک وەڵام دەدرێنەوە.

**داعش نایەوێ و ناشتوانێ بێتە ناو شاخەکانی کوردستان. پێشڕەوییەکانی لە دەشت و پێدەشتەکاندایە. رەنگە لەسوودی بێ کە لە چیاکاندا مۆڵگەی خۆپارێزی هەبێ، بەڵام ئەوە بۆی سەخت و تا رادەیەک ئەستەمە!**

**داعش نایەوێت فاکتەری ئاسانکاری هەرێم بێ کە ناوچەکانی (١٤٠) بخاتە ژێردەست و باشتر بەربەرەکانی بەغدای پێ بکات و وەک گەمەکارێکی بەهێز لەگەڵ بەغدا و کارتی فشار ئاڵوگۆرکات. بەتایبەت مەترسی گەڕانەوەی ناوچەدابڕێنراوەکان ببێتە بابەتی ئاڵوگۆڕی سیاسی**

## بۆچی داعش کەوتەشەڕ لەگەڵ هەرێمی کوردستان؟

پێدەچێ وەڵامدانەوەی پرســیارێکی ســادەباوی وەها کە مایەی سەرســوڕمان و سەرئێشەیە، یەک وەڵامی دیاریکراو و قایلکەری نەبێ. من تەواو خۆم بەدوور دەگرم لەو بۆچوونانەی کە لە بەرەبەیانی پێشــڕەوییەکانیدا بۆ دەوروپشــتی موســڵ و ناوچەکانی دی دەوترانەوە؛ کە هێزێکی کوردیی لە گەڵیان رێککەوتوون، ئەگینا بۆ شــەڕ لەناوچەکانی دیکەی کوردستان هەیە؟ ئەو بۆچوونانە هۆنینەوەی ئەندێشــەیەکی سەیروسەمەرەن بۆ توێژینەوە و شــرۆڤەکردن دەســت نادات. چونکی پشتراســتکردنەوەیان ئەگــەر ئەســتەم نەبــێ، ئەوا سەرچاوەی دووپاتکردنەوەیان نادیارە.

لە هەڵمەتە خێرا و پێشــڕەوییەکانی داعشــدا هەر لە گرتنی موســڵ و ناوچەکانی دیکەشەوە کوردستان بە کردەیی (فعلی) لە عێراق دابڕا. دیمەنی ئەو شــۆفڵ و بۆڵدوزەرانەی کە دروشــمی «گۆڕینی نەخشــەی ســایکس بیکۆ»یان هەڵگرتبوو، کۆمەڵێک پەیام و ئاماژەی ســتراتیجی تێدابوو. ئاماژەگەلێک کە نیاز و مەبەســتە سەرەکییەکانی داعشــی لەخۆ گرتبوو. ئیتر لەو ســاتەوە، سنووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا بە تەریبی و درێژایی هەزار کیلۆمەتر بووە راستییەک. مەزەندەش نەدەکرا کە سەرباری مەترسی ئەو هێزە توندڕەوە، ئاراســتەی خۆی بەرەو کوردستان بگــۆڕێ، یا بەلانی کەمــەوە وا بەزوویــی ببین بە ئامانج(تارگێت)!

زۆرێک لــەو بــاوەڕەدا نەبوون کە ســتراتیجیەتی فراوانخوازی <دەوڵەتی ئیســلامی>، لەسەر حیسابی هەرێمی کوردستان بێت. لێکدانەوەی سادەو رواڵەتییانە بــۆ رەفتــار و ئایدۆلۆجیەتی داعش لــە باوەڕێکی ســەرپێییەوە بوو: پێشــڕەوییەکان بە پاڵپشتی خەڵکی موســڵ و ســوننەکانی باکوور و ناوەڕاستی عێراقە. ئەنجامــی سیاســەتە داپڵۆســێنەرەکانی (مالیکی) یە. پاشــان، لەڕووی ســەربازییەوە، پێشمەرگە وەک هێزەکانی عێراق نییە، بێ بەرگری تێکبشکێ. هەروەها لەیەککاتدا داعــش توانای بەرفراوانکردنی بەرەکانی شەڕ و بڕستی بەرگری و هێرشکردنی نییە!

جگــە لەوەی باهۆزێکی سیاســی لە کوردســتاندا بەدیدەکرا: پرســی ســەربەخۆیی، ریفرانــدۆم وەک ئامرازێکی بەرگری و پێداگیری لە مافەکان. پرســی نەوت و ناکۆکیی نێوان بەغدا، بڕینی بودجە و مووچە، پێکهێنانی کابینەی نوێ، گۆڕینی سەرۆکی حکومەت و تاد... نیگاکانی لەسەر بەرەوپێشچوونەکانی لادابوو! دواجار، خۆشــباوەڕییەکی ســەرپێیی، پێی وتین ئەو هەڕدیهایــە روو ناکەتە کۆڵانەکەمــان! جگەلەوەی لەبەر ئەوەی ئێمە و سوننە هاوبەرەو هاوکێشەین لەگەڵ مالیکیدا، ئیتر پارێزراوین!

بەڵام ســتراتیژیی داعــش، بە قۆســتنەوەی دەرفەت و رەوشەکە: سوننە دەوچێســێنرێتەوە، مالیکی بێزراو و لاوازە چ لــە ناوخــۆ (لای کوردان) چ لەئاســتی نێودەوڵەتیدا. ســەرەرای ئەوەی مالیکی هۆکارێکی دارمانی دەوڵەتی عێراقە، حکومەتەکەی لاواز بوو، تا بینەقاقای لە قەیران و کێشەدا بوو. هەروەها، سوودبینین لە هەڵایســانی شەڕی ئیســرائیل/ غەزە: دەکرێ لە یەککاتدا رای گشتی جیهانی ئیسلامی بەلای خۆیدا رابکێشــێت. ببێتە داکۆکیکاری موسڵمانانی عێراق، دواتریــش هیوایەکی فەلەســتینییەکان. جگەلەوەی دەیزانی کوردستان خۆی ناهاوێتە شەڕی تایفی سوننە/ شیعە. ناشیەوێ لەگەڵ داعشدا بە شەڕ بێت!

دیارە ئەوەش راستە کە لە رووی سەربازی و لۆجیستییەوە، داعش ناتوانێ بەرەو ناو بەغدا بکشــێ. لەبەر ئەوەی، شارێکی گەورە و رێژەی سوننەی یەکجار کەم بۆتەوە. ئەگەرچی ئامانجی راگەیاندراوی رووخاندنی پایتەخت و تەفروتوناکردنی حکومەتی مالیکی بووە! سەرەرای ئەوەی داعــش زیرەکانە توانی گەمە بــە لێکدانەوەو پێشبینی نەیارەکانی بکات. لەرێی ترساندن، تۆقاندن: بە تەقاندنەوەی حوســێنیەکان، مەرقەد و دەرپەڕاندنی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، کوشتنی هاووڵاتی و سەربازی شیعە. لەکاتێکدا، دەیتوانی مەرقەدی ئیمامی عەسکەری لە سامەرا و بەنداوی موسڵیش بتەقێنێتەوە، بەڵام رووینەدا، چونکــی جگەلە تاکتیکێک، خودی ئامانجەکەی نەبوو. ئەمانەو چەندین هێرشی سەربازی و خۆکــوژی کــە زۆرێکیان ســتراتیژیەتی یەکەم و مەبەستی بنەڕەتی داعش نییە. با بڵێین بەلانی کەمەوە لەئێســتادا، جگە لە تاکتیکــی بەلارێدابردنی نەیار و دوژمنەکانی، هیچیتر نییە! کەواتە، بۆ کەوتەشــەڕ لەگەڵ پێشــمەرگە؟ پێموایە گەورەترین و بزوێنەرترین فاکتەر لە ئێســتەو داهاتوودا نەوتە. دەستگرتن بەسەر کێڵگە نەوتییەکان، غاز و ســەرچاوە سروشــتییەکان پاڵنەری سەرەکیی گۆڕینی ئاراستەی هێرشەکانیەتی. دیارە داعش نایەوێ و ناشــتوانێ بێتە ناو شاخەکانی کوردستان. پێشڕەوییەکانی لە دەشت و پێدەشتەکاندایە. رەنگە، لەســوودی بێ کــە لەچیاکانــدا مۆڵگەی خۆپارێــزی هەبێ، بەڵام بۆی ســەخت و تا رادەیەك ئەستەمە! بۆی دەرکەوت کە دراوسێکەی (کوردستان) رکابەریەتی لە بواری نەوتدا و یەکێکیشــە لە کێشــە بنەڕەتییەکانــی نێــوان بەغدا و کــورد. جگە لەوەی



لەپرسی نەوتدا، داعشیش وەک کورد هەمان تەماع و خواستی هەیە: سەربەخۆبوون، سەرپێخۆکەوتنی ئابووری بەسوودوەرگرتن لە ڕەوشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست!

بۆ ئەم دراوسێ نوێیە قبووڵ ناکرێ کە لە کاتێکدا خەریکی ڕامالینی سوپای عێراقە، کورد سنوورە نەوتییەکانی فراوانتر بکات. ناکرێ چیتر داعش فاکتەری ئاسانکاریی هەرێم بێ کە ناوچەکانی (١٤٠) بخاتەژێردەست و باشتر بەربەرەکانی بەغدای پێ بکات و وەک گەمەکارێکی بەهێز لەگەڵ بەغداو کارتی فشار ئاڵوگۆڕ کات. بەتایبەت مەترسیی گەڕانەوەی ناوچەدابڕێنراوەکان ببێتە بابەتی ئاڵوگۆڕی سیاسی، لاوازکردنی سوننەو بڕیاردان لەسەر سەرۆکی حکومەتی بەغدا. تەنانەت بەهێزبوونی ڕۆڵی کورد لەوەدا کە عێراق دەبێتە سێ هەرێمی فیدراڵی. ترسی داعش لە سنووری هەرێمی سوننەی داهاتوو، هەروەها سەرچاوە سروشتی و نەوتییەکانە کە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان هەژارتر بێ. واتە ڕووبەری جوگرافی بەرتەسکتر و توانای مانۆڤر بۆ داعش لەنێوان سووریا و عێراقدا سنووردار کات. لێرەوە ناتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی داعش دژی مالیکی، یا شیعەیە، بەرگری لە سوننە دەکات و پەلاماری کوردستان نادات. هاوکات لەبەر ئەوەی سوننەی عەرەبە، دژ بەخواستی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردە!

کەواتە، هەوێنی پرسەکەو چاوچنۆکییەکانی (داعش) لە نەوتدا چڕدەبێتەوە، ئەگەرچی بەپێی توێژینەوە و بڵاوکراوەکانی داعش، دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستین و خاوەنی ملیارها دۆلاریش بوون پێش داگیرکردنی موسڵ، بەڵام ئێستە چەندین کێڵگەی غاز و نەوتی لەبەر دەستە و نرخی بەرمیلێک پاش سەرکەوتنەکانی نزیکەی (١٨$)ـە! چیتر نایەوێ وەک ڕێکخراوێك لەسەر تالان، شکاندنی بانک، بردنی خشڵ و زێڕ بژی. ئەو خۆی بە دەوڵەتی خاوەنی سنوور و دەستووری ئیسلامی دەبینێ. لە نزیک و دوورمەوداشدا خوازیارە هەرچی شەڕکەرە لەخۆی کۆبکاتەوە. هەر جەنگاوەرێکیش مانگانە نزیکەی هەزارەها دۆلاری تێدەچێت. پێویستی بە چەسپاندنی سنوورەکانی نێوان سووریا و عێراقە. لەبەرئەوە دەبێ لە ناوچەکدا خاوەنی سامانی خۆی بێ! مەرجیش نییە هەر لە شەڕی بەرەییدا بێ، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەگشتیدا، سەرچاوەی دارایی درێژخایەنی پێویستە

***

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر**

## تۆماس دۆنلی

### پسپۆڕ لە سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی بۆ گوڵان:

# کە چەکی پێشکەوتوو دەدرێتە هەر حکومەتێکی عێراق سەدام و تانکەکانی سەدامم بیر دەکەوێتەوە

**تۆماس دۆنلی گەورە تۆژەر لە ئامۆژگای (ئەمریکان ئەنتەرپرایس) و بەڕێوەبەری سەنتەری (مارلین وێر) ـە بۆ دیراساتی ئاسایش لە ئامۆژگای ناوبراو، هەروەها بەڕێوەبەری ستافی سیاسەتی لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بووە، ماوەیەکیش ئەندامی لیژنەی بەدواداچوونی پەیوەندییە ئابووری و ئاسایشییەکانی نێوان ئەمریکا و چین بووە. سەرنووسەری گۆڤاری (ئارمید فۆرس) و (ئارمی تایمز) و (ئارمی نیوز) بووە، بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژیەتی ئەمریکا لە شەڕی داعش و هەڵوێستە جیاوازەکانی ناو هاوپەیمانییەکە و بەشداریی زەمینیی ئەمریکا لەم شەڕە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دیارە سەرۆك ئۆباما لە پەیامی خۆیدا سەبارەت بە شەڕی تیرۆریستانی داعش ئامانجی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە تێکشکانی داعش ناوزەد دەکرد، بەڵام هەتا ئێستا هەوڵەکان بەو ئاراستەیە نابینین کە ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت، ئایا پێویستە لەم پرۆسەیەدا چیتر بکرێت بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێتەدی؟**

- بە راشکاوی تێکشکانی تیرۆریستانی داعش، پێویستی بە ژمارەیەکی بەرچاوی هێزە زەمینیەکانی ئەمریکا هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێت هێزەکانی ئەمریکا ببنە تەوەری سەرەکیی شەڕەکە و هێزە زەمینییەکانی هاوپەیمانی بە دەوریدا رێکبخرێن، تەنانەت ئەگەر ئەو هێزانەش بەرەنگاری داعش ببنەوە، ئەوا توانای ئەوەیان نابێت کە هێزی زەمینی پێویست بۆ بەزاندن و تێکشکاندنی سەربازییانەی هێزەکانی داعش بڵاوبکەنەوە. بۆیە دروستکردنی ئەم هێزە بە پێویست دەزانم، بە بێ ئەم هێزە هەتا ئەگەر هێرشە ئاسمانییەکانیش بەتەواوی چڕ بکەینەوە، ناتوانێت شەڕەکە یەکلایی بکاتەوە. پرسە هەستیارەکە لەم هاوکێشەیەدا ئەوەیە: ئایا رۆڵی سوپای تورکیا چی دەبێت لەم رووداوەدا، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو ئەمریکا بڕیاری دا هێزێکی زەمینی گەورە بنێرێت؟ پێموایە ئەوە بەڕاستی بیرکردنەوەی ئەنقەرە دەگۆڕێت، من



**ئەرکی یەکەم بریتییە لەوەی ڕێگە نەدرێت داعش کۆبانێ بگرێت و پێویستە لە چەندین بەرەوە پاشەکشەی پێبکرێ**

**لەگەڵ ئەوەدا نیم کە چەک بدرێت بۆ ئەوەی داعش لە ناو ببردرێت، بێ ئەوەی لە عێراقی دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە دڵنیا بین**

دەقاودەق نازانم بە چ شێوەیەك دەبێت، دەکرێت ئیجابی بێت و دەکرێت سلبی بێت. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە فاکتەرێکی گەورە دەبێت. پرسیارەکە بەلای ئەمریکاشەوە لە پەیوەندی بە ستراتیژیەتەکەوە لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا تەواو روونە، بەڵام ئەگەر باس لە ئۆپەراسیۆنەکانی ناو خاکی سووریا بکەین، کەمتر لە رووی سەربازییەوە و پتر لە رووی سیاسییەوە ئاڵۆز و نادیارە.

*** ئایا هەست ناکەی ئەمجارەش هەڵوێستی تورکیا بە دڵی ئەمریکا و هاوپەیمانان نەبێت؟ واتە ئەگەر تورکیا لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای سوور بێت، کێشە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروست ناکات؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەگەر تورکیا هەڵوێستی ئێستای نەگۆڕێت دەبێتە کێشە بۆ ئەمریکا و بۆ هاوپەیمانانی ناتۆش، بەڵام بە زۆری بۆ تورکیا مایەی کێشە دەبێت. بوونی ستراتیژیەتی دژبەیەك یاخود سیاسەتی دژبەیەك دەرئەنجامی تموحەکانی تورکیا و بە تایبەتی بەڕێز ئەردۆغانە، ئەویش بە شێوەیەکی بەرفراوانتر پەیوەندی بە مامەڵەکردنیەوە لەگەڵ کوردی ناو تورکیادا هەیە. من ئەوەندە شارەزاییم نییە بۆ ئەوەی بزانم کە دەقاودەق پەیوەندی نێوان پەیەدە و پەکەکە چییە، بەڵام ئاشکرایە هەندێ پەیوەندی هەیە و بەدڵنیاییەوە لە هزری ئەردۆغاندا ئەو پەیوەندییە هەست پێکراوە، کەواتە خۆی خستۆتە هەڵوێستێکەوە کە کاریگەرترە لە لایەنی دژ بە داعش و لە ئێستادا بۆتە کێشە بۆی. هەروەها ئەو زۆر پەرۆشە بۆ لابردنی رژێمەکەی ئەسەد، بەڵام نەیتوانیوە تا ئێستا قەناعەت بە ئەمریکا بکات کە خۆی بەو مەسەلەیەوە پابەند بکات، ئەگەرچی سەرۆك ئۆباما رایگەیاندووە کە دەبێت ئەسەد بڕوات، کەسیش نایەوێت تورکیا باڵادەست بێت بەسەر ناوچەکەدا، نە عەرەب دەیەوێت و نە کورد دەیەوێت، ئەگەری زیاترە ئێرانیش ئەوەی نەوێت. کەواتە ئەردۆغان تموحی هەبووە و شکستی هێناوە لە هێنانەدی تموحەکەی، رەنگە رێگەیەکیش نەبێت بۆ هێنانەدییان، لاوازیەکەشی ئاشکرایە لە سیاسەتە پێکناکۆکەیدا. دووبارەی دەکەمەوە زەحمەتە بزانین تورکیا چی دەکات، بەڵام بارودۆخەکە بەم چەشنەی ئێستا کە رۆیشتووە بەردەوام نابێت. هەروەها ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر لە نێوان (ئیسرائیل و سعودیە و میسر)دا کێشەی یەکەم بۆتە ئیخوان موسلمین و ئێران و داردەستەکانی. هیچ لایەکیشیان دەستکەوتێکی راستەوخۆی نییە لە شەڕی سووریا، یان لە گۆڕەپانی شەڕی عێراقدا، جگە لەوەی داعش لە باشووری سووریا پێشڕەوی دەکات.

*** ئەگەر هەر سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا قسەبکەین، دیارە ســەرەتا دەنگۆیەك هەبوو كە توركیــا بوار دەدات فرۆكەكانی ئەمریكا بنكــەی ئەنجەرلیك بەكاربهێنێت، بەڵام پاشان رەتكرایەوە، ئایا دەكرێت ئەم بنكەیە بكرێتەوە و تاچەنــد كردنــەوەی ئەو بنكەیە بۆ كــورد و ئەمریكا گرنگە؟**

- كردنەوەی بنكــەی ئەنجەرلیك بۆ هەردوو لامان (كورد و ئەمریــكا) گرنگە، هەروەها گرنگە كــە دامەزراوەی ئەمریكیی دیكەش بە تایبەتی لە عێراق بكرێتەوە. بەلای منــەوە گونجاوە كە لە قۆناغێكدا لە داهاتوو پەیوەندییەك هەبێت لە نێوان سوپای عێراق و ئەمریكا. پێموایە كارێكی ژیرانەیە بۆ كورد و ئەمریكا نەك تەنها سەرباز لە هەولێر و دەوروبەری هەبێت، بەڵكو هەوڵ بدرێت بارگرژی لە نێوان كورد و عەرەبەكانی عێراقدا كەم بكرێتەوە. هەروەها پێویستە كاربكرێت بۆ ئەوەی سوننەكان لەلایەن حكومەتی شیعەوە رووبەڕووی سەركوتكاری و ستەمكاری و تەنگپێهەڵچنین نەبنەوە. گەرچی تەنها كوردی عێراق نزیكترین هاوپەیمانی ئەمریــكا بوون بۆ چەند دەیەیەك، بەڵام ئەگەر پشــت لە عێــراق بكەین، ئــەوا هەڵە دەبێت، هەروەهــا بێ ئەندازە زەحمەت دەبێت كە بگەڕێینەوە بۆ دۆخی ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ لــە عێراقدا، بەدیلەكەش خراپ دەبێت، ئەگەر بێتو لەوە زیاتر عێراق دابەش بكرێت.

*** دەبینین كە تەنانەت هەڕەشــەی گەورەی داعشــیش نەبۆتە هۆی دروســتبوونی بەرەیەكی یەكگرتوو، ئێستاش دیارە كە هێزەكانی پێشمەرگە بە تەنیا رووبەڕووی داعش دەبنەوە و شــیعەكان بە تەنیا شــەڕ دەكــەن و هەروەها سوننەكانیش بە تەنیا شەڕ دەكەن، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن ئەمریكا لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا مامەڵە لەگەڵ سێ سوپادا دەكات؟**

- دەبێــت ئەوە دیاری بكرێت كە ئەركەكە و كارەكە چییە، دەبێــت ئەو كارە بكەین. دەبێت ئاســایش و ســەلامەتی ئەنبار و ئەو شــوێنانەی بزووتنەوەی سەحوەی تێیدا بووە، بپارێزرێت. ئێمە دەبێت بە تایبەتی ئەم كارە بكەین، چونكە بــەلای كەمەوە لــە ئایندەی نزیكدا هــەر حكومەتێكی نیشــتمانی پێكدێت، كە شیعەكان دەنگی باڵا دەبن تێیدا، دەبێت ئەو حكومەتە و لایەنەكانی شیعە تێیدا هێوركردنەوە و ئاشــتەوایی لەبەرچــاو بگرن و بنیاتنانــی دەوڵەتیش رەنگدانەوەی راستەقینەی بەرژەوەندییەكانی سەرجەم خەڵك بێت، ئەمەش ژیرانەترین رەوتێكە ئەوان بیگرنەبەر. رەنگە دوای شكستهێنانی حكومەتەكەی مالیكی دووبارە بیر لە ســتراتیژیەتەكەیان بكەنەوە لە بەشداریكردن لە حكومەتی نیشــتمانیدا، چونكە ئەو ســتراتیژیەتە زۆر سەركەوتوو نەبوو. ئەوەش پێویستی بە فشــاری ئەمریكا و هاندانی ئەمریكا دەبێــت، ئەمەش كاتێكی زۆرتری پێویســتە و بەدەستهێنانی ئەو سەركەوتنە پابەندبوونێكی بەرفراوانتری ئەمریكای دەوێت.

*** ئێــوە ئاگادارن ئەمریكا چەك و كەلوپەلی ســەربازی بە ســوپای عێراق دا، بەڵام ئەم چەكانە كەوتنە دەســتی تیرۆریســتانی داعش، ئەمەش مانای ئەوەیە لە عێراقدا ســوپایەكی پرۆفیشــناڵی نیشــتمانی بوونی نییە، لە ئێستاشدا ئەمریكا ســەرقاڵی ئەوەیە هەمان شت دووبارە بكاتەوە، ئایا ئەمە مەترسییەكی دیكە دروست ناكات؟**

- من شەخســی خــۆم تەفزیلی ئەوە ناكــەم چەكی زۆر پێشكەتوو بدرێتە حكومەتی عێراق، من زۆر دوودڵم لەوەی چەكی پێشــكەوتوو (لە رووی جووڵە و بــزاوت و هێزی ئاگرینــەوە) بدرێت بە هەر حكومەتێكــی عێراقی، ئەمە سەددام و تانكەكانی سەددامم بیر دەخاتەوە و هەروەك چۆن سەدام حوسێن ئەو چەكانەی دژی گەلەكەی خۆی بەكار هێنا. بەڵام لەو باوەڕەدا نیم پێشــمەرگە چەكی پێبدرێت، تەماعــی ئەوەی هەبێت بەغدا داگیر بكات، بەڵام جۆرێك لە ناهاوســەنگی و مەترسی لەســەر یەكپارچەیی عێراق دروســت دەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا باشــترە كە هێزەكانی سوپای ئەمریكا لە شــەڕی دژە داعش لە عێراقدا رۆڵی سەرەكی ببینن و داعش تێكبشكێنن، بەڵام گرنگە هەموو هێزەكانی دیكەی عێراق هاوكاری هێزەكانی ئەمریكا بكەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی شــەڕەكە كۆتایی دێت و داعش دەشــكێندرێت، ئەمریكا ببێتە میانگیرێكی راســتگۆ بۆ گفتوگۆی نێوان ئەو لایەنانەی لە شەڕەكەوە سەرهەڵدەدەن، لەبری ئەوەی لایەنێك، یان پێكهاتەیەك باڵادەســت بكات، لەبەر ئەوە دەبێت لەم رووەوە پتر لە ســنووری سەربازی بیر بكەینەوە. هەروەك ئێوەش بەڕاســتی و دروستی ئاماژەتان پێكرد، پێشــمەرگە تەواو بەتوانان لە بەرگریكردن لە خاكی خۆیان، بەڵام مالیكی زۆر پێش دروستبوونی داعش كارێكی كرد سوپای عێراقی تێكبشكێت و نەبێتە هێزێكی نیشتمانی، ئێستاش ئەگەری دروســتكردنەوەی سوپایەكی نیشتمانی عێراقی زۆر مژدەبەخش، یان پرشــنگدار نییە و ناشكرێت ئەو ماوە زۆر چاوەڕوان بكەین. هەروەها مەسەلەكەش ئەوە نییــە كە من بمەوێت بــە ئەندازەیەكی زۆر چەكی قورس بدەم بە میلیشیا سوننەكان، من نامەوێت لە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی داعش شەڕێكی ناوخۆیی دیكە لە عێراقدا دروست بێت. ئەگەر عێراق بیەوێت وەك دەوڵەتێكی شەرعی كار بــكات و نوێنەرایەتی هەموو خەڵكەكەی بكات، ئەوا پێویستی بە هاوكارییەكی زۆری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریكا دەبێت. لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم كە چەك بدرێــت بۆ ئەوەی داعش لە نــاو ببردرێت، بێ ئەوەی لە عێراقی دوای كۆتاییهاتنی شەڕەكە دڵنیا بین.

**پێشمەرگە تەواو بەتوانان لە بەرگریكردن لە خاكی خۆیان، بەڵام مالیكی زۆر پێش دروستبوونی داعش كارێكی كرد سوپای عێراقی تێكبشكێت و نەبێتە هێزێكی نیشتمانی**

**ئێستاش ئەگەری دروستكردنەوەی سوپایەكی نیشتمانی عێراقی زۆر مژدەبەخش، یان پرشنگدار نییە**



*** ئەگەر ئیدارەی ئۆباما بڕیار بدات هێزی زەمینی بۆ شەڕکردن لە دژی داعش ڕەوانە بکات، ئەم بڕیارە لەسەر رای گشتی ئەمریکا چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت، بەتایبەتی کە تا ئێستا ئیدارەی ئەمریکا لەو ڕووەوە دوودڵ بووە و تەنها هێرشی ئاسمانی ئەنجام داوە؟**

- پێموایە رای گشتی ئەمریکا پشتیوانی دەکەن، رای گشتی لێرە ڕەنگدانەوەی دانپێدانانی روو لە زیادە کە ئەمە لە رووی سەربازییەوە کارێکی پێویستە، ئەو ناکۆکییانەی لە راپرسیەکاندا هەیە، وایە کە ٥٥٪ی پێیان باش نییە ئەم کارە بکرێت، بە هەمان شێوە زۆرینەی سێ لە سەر چوار باوەڕیان وایە کە روودەدات و ئەمەش لە رووی سەربازییەوە پێویستە، بەڵام ئەمە ئەرکێکە ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی بەپەرۆش نییە، واتە ئەرکێك نییە ئەمریکا خوازیاری ئەوە بێت و ناچار بێت ئەنجامی بدات، بەڵام دان بەوەدا دەنێن کە ئەمە پێویستە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئاشکرایە ئەرکی یەکەم بریتییە لەوەی رێگە نەدرێت داعش کۆبانێ بگرێت و پێویستە لە چەندین بەرەوە پاشەکشەی پێبکرێ. چونکە چەکدارانی داعش توانایان هەیە لە یەك کاتدا لە چەندین شوێنی سووریا و عێراقدا شەڕ بکەن، کەواتە کاری یەکەم دەبێت بریتی بێت لە راگرتنی پێشڕەوییەکانی داعش. ئەرکی دووەم ئەوەیە هێرش بکرێت و داعش لە رووی سەربازییەوە تێکبشکێندرێت، بەڵام لەم کارەدا دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە دوای سەرکەوتن چی روودەدات و تەنانەت دەبێت بزانین تەرتیابەتە ئینتیقالییەکەش چی دەبێت، هەروەها نابێت تەنها بیر لە عێراق بکەینەوە، بەڵکو دەبێت بیر لە سووریاش بکەینەوە، ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت و ناکرێت بە یەکجار بکرێت. تاکە دەرئەنجامێکی باش کە بەدی بکەم بریتیە لەوەی کە دووبارە عێراق بنیات بنرێتەوە و ئەمەش کاتێکی زۆر و هەوڵ و کۆششێکی زۆری لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێویستە، ئینجا دەست بکرێت بە کارێکی هاوشێوە لە سووریا، بەڵام سووریایەك کە داردەستی ئێران بێت و لەلایەن رووسیا و چینەوە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بپارێزرێت، دەبێتە فاکتەرێکی ناسەقامگیر لە ناوچەکە، چونکە هەمیشە رژێمەکەی ئەسەد بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، لەسەر سنوورەکانی کێشە دروست دەکات، ئەمەش مایەی ئیستفزاز دەبێت بۆ سووریا و بۆ رۆژئاوای سووریا و بۆ کوردەکانی سووریا و بۆ تورکەکان، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە سەددام حوسێن ئیستفزازی دەکرد، لەبەر ئەوە ئێمە درەنگ، یان زوو رووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبینەوە. تاکە چارەسەری درێژخایەن ئەوەیە وەك سەددام حوسێن لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە و ئینجا بە جددی سووریا بنیات بنرێتەوە و دڵنیایی بدرێت بە چەندین کەمینە لە وڵاتەکەداو کار بۆ ئەوە بکرێت جیاوازییەکان بە شێوەیەکی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، نەك لە گۆڕەپانی شەڕدا، ئەمانە ئەرکی زۆر گەورەن، بەڵام ئێمە بینیمان بەدیلەکە چییە کاتێك ئەمریکا لەم ناوچەیە دوور دەکەوێتەوە، ئەوەش هەڵەیەکی ستراتیژییە، ئێمە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا ئەوەمان هەڵوەشاندەوە کە پێشتر لە ماوەی چەندین ساڵدا بەدەستمان هێنا و ئەوەش پێویستی بە نەوەیەکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی بارودۆخێکی ئاشتی و سەقامگیر و شەرعی و گەشەکردووی دیموکراتی بە چەشنی بارودۆخی ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٠٨ ببینێت.

**لەو باوەڕەدا نیم پێشمەرگە چەکی پێبدرێت، تەماعی ئەوەی هەبێت بەغدا داگیر بکات**

ئەندریۆ بەوین

تایبەتمەند لە ستراتیژیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئامانجی سەرەکیی نەمانی داعشە، نەک ستراتیژییەتێکی دوورمەودا بۆ ئاییندەی ناوچەکە



پرۆفیسۆر ئەندریۆ جەی بەوین توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای (بێکەر) بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتی دەرەوەی رووسیا و ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی ناوخۆی سووریا و بژاردەی سیاسی بۆ سەقامگیری سووریا و سیاسەتی چالاکوانانی سوننە لە گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبیدا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای شەڕی تیرۆریستانی داعش و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم شەڕە و ورەی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕە نیودەوڵەتییەدا، ئەم وتویژەمان لەگەڵ ئەنجامداوەو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

***ئەوەی ئاشکرایە کە هاوپەیمانان ناتوانن لە رێی هێرشی ئاسمانییەوە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکبشکێنن، چونکە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی پێویستی بە بەرپاکردنی هێرشی زەمینی دەبێت، ئایا تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا و چۆن هاوپەیمانان دەتوانن بۆ ئەنجامدانی هێرشی زەمینی و تێکشکاندنی داعش هێز کۆبکەنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە لەم بارودۆخەدا تەنها بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئاسمانی نابێتە هۆی خولڤاندن، یان درێژەکێشانی چارەسەرێکی سیاسی لەسەر ئەرزی واقیع، هەروەها تێکشکاندن، یاخود پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لەو ناوچانەدا تەنها بە بۆردومانکردنی ئاسمانی نایەتەدی، هەم لە مەودای کورت و هەم لە مەودای دووردا. بۆ پێویستیی بەکارهێنانی هێزی زەمینیش دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت، ئایا دەوڵەتانی ناوچەکە و لە هەموویان گرنگتر تورکیا، دەتوانێت بۆ پشتیوانی ئۆپۆزسیۆنی مۆدێرنی سووریا لەسەر ئەرزی واقیع چی بکات، هەروەك وەزیری دەرەوەی تورکیاش رایگەیاند کە بوار دەدات بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی بچنە کوردستانی سووریا بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعش. پێموایە ستراتیژیەتێکی گشتگیر لە دژی داعش پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئەرزی واقیع لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە پێشەنگی بکرێت. شتێکی پراکتیکی نییە، لەم ساتەوەختەدا ئەمریکا هێزی زەمینی بنێرێت. ئەوەی زیاتر واقیعییە ئەوەیە ئەمریکا و تورکیاو وڵاتانی کەنداو و ئەردەن چۆن دەتوانن کار بکەن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووری مۆدێرندا کە لەسەر ئەرزی واقیع شەڕ دەکەن و هەروەها کار لەگەڵ پێشمەرگە و شەڕڤانانی کورد دەکەن و بەڕاستی رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، لەگەڵ ئەگەری دروستکردنی هێزێکی زەمینی جێگیر.

***بەڵام دواجار لە رێی فڕۆکەی ئەمریکییەوە توانرا هاوکاریی سەربازی و مرۆیی و پزیشکی بگەیەندرێتە شاری کۆبانێ و ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە بۆ کوردەکان، لەو بارەیەوە لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- پێموایە ئەمریکا دەتوانێت رۆڵێکی بنەڕەتی ببینێت، نەك تەنها لەو رووەوە، ئەوەی ئەمریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات و ئێستا ئەنجامی دەدات، ئەوەیە چۆن دەتوانرێت راهێنان و پشتیوانی و کەلوپەل بۆ ئەو کەسانە دابین بکات کە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا دەکەن، چۆن دەتوانێت هاوکاری لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بکات لەسەر ئەرزی واقیع، جگە لەوە زەحمەتە پشتیوانی لە رای گشتی ئەمریکاوە بەدەست بهێنێت، ئەگەر تەواو راشکاو بم، ئەوا رەوانەکردنی هێزی زەمینیی ئەمریکا بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕەکەدا بکەن، چارەسەرێکی درێژخایەن دەبێت. بەڵام ئەمریکا دەتوانێت رۆڵێکی بەرفراوانتر ببینێت لە پشتیوانیکردنی پێشمەرگەدا. هەروەها پێویستە ئەمریکا لە نزیکەوە کار لەگەڵ تورکیادا بکات و ئەگەر تەواو بە راشکاوی بدوێم، ئەوا پێویستە ئەردۆغان بیر لەوە بکاتەوە کە سوپای تورکیا بتوانێت لە پشتیوانیکردنی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە مۆدێرنەکانی سووریادا رۆڵێکی بەرفراوانتر ببینێت.

***بە درێژایی مێژوو کورد داوای هاوکاریی سەربازی کردووە، بەڵام ئەمجاریان ئەمریکا هاوکارییەکی گرنگ و بە پەلەی دابین کرد لە دژی هەڕەشەکانی داعش لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا، ئایا وەك دەستکەوتی ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا چۆن لە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

- مەسەلەی گرنگ ئەوەیە ئەگەر وەك مۆدێلێك لە کوردستان بڕوانین، هەم لە رووی گەشەکردنی ئابووری لە ناوچەکەدا و هەم لە رووی ئەوەی لە هەولێر بڕوانین وەك شارێك و لە ئیدارەدانی ئابووری ئەو شارە تەماشا بکەین لە رووی حوکمڕانی، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی زۆر باشە لەبارەی ئەوەی چۆن لە رووی ئابوورییەوە گەشە بە دەوڵەت دەدەیت و چۆن داهاتی نەوت بەکار دەهێنیت.

هەرێمی کوردستان پتر چالاك بووە لەگەڵ کۆمپانیا فرەڕەگەزییەکانی نەوتدا. هەروەها حکومەتی کوردستان پشتیوانی لە گفتوگۆیەکی سیاسیی میانڕەو و دیموکرات دەکات. لە مەودای دووریشدا -ئەگەر لە ئاییندەی عێراق بڕوانیت- ئەگەر بتەوێت هاوسەنگیی دەوڵەتێکی فرەتایەفە و فرەئیتنی رابگریت و پرۆسەیەکی سیاسیی گشتگیر و دیموکراتیەت هەبێت کە نوێنەرایەتی تێڕوانینە جیاوازەکان بکات، ئەوا کوردستان مۆدێلێکی باشە بۆ پشتیوانیکردنی ئەم پرۆسەیە، بۆ نموونە لە سووریا، راستە پێکهاتەی دانیشتووانەکەی جیاوازە، بەڵام ئەگەر بتوانیت رێگایەك بدۆزیتەوە بۆ بەشداریکردنی گرووپە جیاوازەکان لە سووریا، هەروەها سەرکردایەتییە جیاوازەکان لە پرۆسەیەکی دیموکراتی تەوافوقیدا، ئەوا پێموایە بۆ ئەو مۆدێلە هەمیشە کوردستانی عێراق پشتیوانێکی راستەقینە بووە.

*** وەك دەزانین رۆژئاوا نایەوێت ژیانی خەڵکانێکی زیاتر بکەوێتە مەترسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا تاکە هێزێك توانای ئەوەی هەبێت لەسەر زەوی شەڕی داعش بکات، بریتییە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئایا چۆن ئەمریکا و هاوپەیمانەکان دەتوانن چەکی پێویست بدەن بە پێشمەرگە**

**ئەوەی پێویستە ئەوەیە چۆن شیعە و سوننەکان ئاوێتە دەکرێن و لە حاڵەتی میساڵیدا پێکهاتەی کوردیش لە گەڵیاندا بێت**

**هەرێمی کوردستان پتر چالاك بووە لەگەڵ کۆمپانیا فرەڕەگەزیەکانی نەوتدا. هەروەها حکومەتی کوردستان پشتیوانی گفتوگۆیەکی سیاسی میانڕەو و دیموکرات دەکات**

**ئەمریکا دەتوانێت لە رێی پاڵپشتی لۆجیستی و ناردنی راوێژکاری سەربازی زیاترەوە پشتیوانیی زیاتری کورد بکات**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی زۆر باشە لەبارەی ئەوەی چۆن لە رووی ئابوورییەوە گەشە بە دەوڵەت دەدەیت و چۆن داهاتی نەوت بەکار دەهێنیت**

**پێویستە ئەردۆغان بیر لەوە بکاتەوە کە سوپای تورکیا بتوانێت لە پشتیوانیکردنی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە مۆدێرنەکانی سووریادا رۆڵێکی بەرفراوانتر ببینێت**

**تێکشکاندن، یاخود پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لەو ناوچانەدا تەنها بە بۆردومانکردنی ئاسمانی نایەتەدی، هەم لە مەودای کورت و هەم لە مەودای دووردا**

**بۆ ئەوەی داعش تێکبشکێنن؟**

- پێموایە ئەمریکا دەرفەتێکی لە دەستدا لە ساڵی ٢٠١٢دا بۆ بنیاتنانی ئۆپۆزسیۆنێکی چەکداریی میانڕەو لە سووریا، هەروەك چەندین چاودێر و شیکەرەوە باسیان لەوە کرد کە سەرۆك زۆر دوودڵە لەوەی تێوەبگلێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا نەتوانێت هەنگاوی چالاك بنێت بۆ چارەسەرکردنی سەرهەڵدانی توندڕەوی لە سەر ئەرزی واقیع. ئەوەی پێوەندی بە مەشقپێکردنی پێشمەرگەوە هەبێت، ئەوا ئەو دژوارییەی پێشمەرگە رووبەڕووی بۆوە، تا رادەیەك مایەی تێگەیشتنە، چونکە جگە لە پێکدادانێك لەگەڵ سوپای عێراقیدا، ئەوا پێشمەرگە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە رووبەڕووی لایەنێکی بەهێز و بەتوانا نەبۆتەوە، وەك دەوڵەتی ئیسلامی داعش. ئەمەش پرسیارێکی راستەقینە دەورووژێنێت لە بارەی مەشقپێکردن و چەکەوە، لە مەشقپێکردندا فێری چی دەکرێت و چ تاکتیکێك بەکارهێنرا؟ بەڵام ئەمریکا دەتوانێت و پێویستە رۆڵێکی گەورەتر ببینێت، دەبێت ئەوە بزانین کە مەشقپێکردنێك- کە جیاوازیەکی چۆنایەتی دروست بکات- چەند مانگێکی پێویستە، نەك چەند رۆژێك. ئەمریکا دەتوانێت لە رێی پاڵپشتی لۆجیستی و ناردنی راوێژکاری سەربازی زیاترەوە پشتیوانی زیاتری کورد بکات، مەشقپێکردنی پێشمەرگە لە مەودای دووردا یەکێکە لە سنووربەندییەکان و زیاتر لە چەندین مانگی پێویستە، دەکرێت ئەمریکا پشتیوانییان بکات و دەست بە مەشقپێکردن بکات، بەڵام رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی ئێستایان بەرفراوانتر بکات.

***لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا کە ئەردۆغان سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوو، ئێستاش سەرۆکی ئەو وڵاتەیە، ئەوەمان بەدی کرد کە تورکیا بەشداری هیچ هاوپەیمانێتییەکی نەکردووە کە بە سەرکردایەتی ناتۆ یاخود ئەمریکا بوویێت، لە ئێستاشدا کە بەشداری هاوپەیمانێتی دژی داعشی کردووە، هیچ چالاکییەکی سەربازی ئەنجام نەداوە، ئەم هەڵوێستە جیاوازەی تورکیا چییە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ناتۆ و هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەردۆغان هەوڵدەدات هاوسەنگیی داواکاریی ناوخۆیی رابگرێت، راستە کە پشتیوانییەکی پێداگیرانەی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی تورکیا کاری زیاتر ئەنجام بدات، هەروەها پشتیوانییەکی جەماوەری هەیە بۆ جۆرێك لە دەوڵەت، یان حکومەت کە دژ بە رەمزیەتی رۆژئاوا بێت، کە داعش نوێنەرایەتی دەکات. لە دەرئەنجامدا ئەو هەوڵ دەدات هاوسەنگی بەشێك لە بنکە ئایینییەکەی خۆی رابگرێت، من لێرەدا ئایین بەو مانایە بەکار ناهێنم کە لەسەر بنەمای ئایینی بێت، ئەو دەیەوێت لەو رووەوە بە حەزەر بێت. هەروەها مامەڵە لەگەڵ ئەو ترسەدا دەکات کە بەشداری سەربازی زیاتر لە سووریادا ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێکهاتەی کورد. ئەگەرچی ئەردۆغان زیاتر ئامادەیە مامەڵە لەگەڵ کورددا بکات و خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت بە بەراورد بە کەسانی پێش خۆی، بەڵام هەوڵدەدات هاوسەنگی بکات لەبارەی نیگەرانی خۆی لە ئاست ئەوەی کوردستانێکی ئازاد، یان بەهێز چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەی دەبێت. لە کۆتاییدا ئەو مامەڵە لەگەڵ واقیعێکدا دەکات کە پێموایە چەند ئامانجێکی دژ بە یەکی هەیە، چونکە ئەو زۆرترین دژایەتی بۆ رژێمەکەی ئەسەد دەربڕیوە، هەروەها پشتیوانی گرووپەکانی ناو سووریای کردووە، بە گرتنەبەری سیاسەتێك کە سنووری نێوان تورکیا و سووریا کە ببێتە رێگەیەکی خێرا بۆ چوونی چەك و جەنگاوەر بە هەموو جۆر و شێوازەکانیەوە، تاوەکو رێگە بەوانە بدات کە بچنە سووریا بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ رژێمەکەی ئەسەد بکەن، بە شێوەیەکی میسالی رژێمەکەی ئەسەد بڕووخێنن، ئەوەش ئەگەری ئەوەی هەیە جارێکی دیکە سنووری تورکیا ببڕنەوە و بگەڕێنەوە، ئەو راستیەی کە ئەو پشتیوانی چەندین گرووپ دەکات، لە بۆچوونی سیاسیی جیاواز، ئەگەر تەواو راشکاو بم، ئەوا هەندێکیان لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندیی تورکیادا نین، بەڵام لابردنی رژێمەکەی ئەسەد بۆتە خولیای ئەو، لەبەرئەوە بایەخ بەوە نادات گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ سەرۆك ئەسەددا بکات، چونکە متمانەی پێی نییە، هەروەها خاڵی دووەم ئەوەیە نیگەرانە لەوەی تێوەگلانی سەربازیی تورکیا لە سووریا مایەی مەترسی بێت. لە ساڵی ١٩٩٥ەوە کاتێك سوپای تورکیا لەسەر سنوور جێگیر کرا و هەڕەشەی دەستێوەردانی کرد، لەو کاتەوە هیچ کاتێك نەبووە سووریا بیر لەوە بکاتەوە هێزی سەربازی بەکار بهێنێت لە کاروباری دراوسێکانیدا. بە راشکاوی جیاوازیەکە لەگەڵ سووریادا ئەوەیە دەوڵەتی ئیسلامی داعش بەو کارەی دەیکەن لە دژی پێکهاتەی کورد و ژمارەی ئەو خەڵکانەی دەپەڕنەوە بۆتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ تورکیا کە دەبێت ئەوە بە جددیەتێکی زیاترەوە وەربگیرێت. چونکە لە مەودای دووردا بۆی هەیە ناسەقامگیری بۆ تورکیاش بپەڕێتەوە.

***بارودۆخەکە لە سووریا ئاڵۆزترە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکان هەڵوێستی جیاوازیان هەبووە لە ئاست چەکدارکردنی موعارەزەی سووریدا، بە تایبەتی سعودیە و قەتەر، لە کاتێکدا تورکیا دەیەوێت ئامانجی هاوپەیمانێتیەکە رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد بێت، لە کاتێکدا رووسیا و ئێران و حزبوڵلا دەیانەوێت ئامانجەکە مانەوەی حکومەتەکەی ئەسەد بێت، ئەم هەڵوێستە جیاوازانەش**

**دەبێتەهۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە و سستکردنی پرۆسەکە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هێشتا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل چارەسەر نەکراوەو هێشتا بەردەوامە؟**

- لە راستیدا کاتێك هاوپەیمانێتییەك لە ئارادا بێت، کە ئامانجی جیاوازیان هەبێت و تەنها بەرژەوەندی کورت مەودایان هەبێت لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی، نەك تێڕوانینێکی دوورمەودا بۆ ئەوەی ئایندەی سووریا چۆن بێت. ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییە هاوپەیمانێتییەکی لاوازە و دژیەکە، کە شێوازی کارکردن و بەرژەوەندیی جیاواز لە خۆدەگرێت. بەڵام لە واقیعدا زەحمەتە ببینیت کە سعودیە و قەتەر و ئێران و ئەمریکا بە تەواوەتی بگەنە رێککەوتن لە بارەی پلانێکی دوورمەودا لەم ساتەوەختەدا، لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بارەی چۆنیەتی تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی، هەروەها دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن ئایندەیەکی درێژخایەن بۆ سووریا بنیات دەنرێت، ئەوە کێشەیەکی دیبلۆماسییە، بێ چارەسەرێکی سیاسی ئەوا رێگەچارەی سەربازی کێشەکە چارەسەر ناکات.

*** ئەمریکا لە سەروبەندی ئەوەدا بوو کە بنکەی ئەنجەرلیك لە تورکیا بەکاربهێنێت، بەڵام تورکیا رێگەی نەدا فڕۆکەکان لەم بنکەیەوە بفڕن، ئێستاش باس لەوە دەکرێت کە فڕۆکە جەنگییەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا لە هەولێرەوە دەفڕن، ئایا پێتوایە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێویستیان بەوە هەیە بنکەی سەربازی لە هەولێر دروست بکەن و تا چەند ئەمە گرنگە و لە بەرژەوەندیی هەردوولادایە؟**

- پێموایە دروستکردنی بنکەی سەربازی یەکێکە لە ئەگەرەکان بۆ ئەوەی باشتر چارەسەری ئەو گۆڕانکارییە بکەن کە لە جیوپۆلەتیك و لەسەر ئەرزی واقیعدا هاتۆتەئاراوە. بە راشکاوی دەبێت تەرکیزی ئەم هەوڵە- ئەگەر ئەم بنکەیە دروست بکرێت-ئەوە بێت چۆن دەزگایەکی ئەمنی کوردی درێژخایەن دروست دەکەیت لە بەشەکەی عێراقدا. بە شێوەیەکی میسالی دەبێت هەوڵ بدرێت حکومەتی نوێی عێراقی، عێراقێکی پتر یەکگرتووی گشتگیر بێنێتەئاراوە. لەبەر ئەوە پێموایە دروستکردنی بنکەی سەربازی ئەگەرێکە کە لە بەرچاو بگیرێت لە مەودای کورتدا، کە بۆی هەیە شەڕی ناوخۆیی سووریا بۆ دەیەیەکی دیکەش بەردەوام بێت و بە شێوەیەکی حەتمیش دەبێت ئەمریکا رۆڵێکی ستراتیژی گەورەتر ببینێت. کەواتە چارەسەرێکە و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت، بەڵام پێویستە پێش هەموو شتێك تەرکیزەکە لەسەر ئەوە بێت، چۆن تواناکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەکار دەهێنێت، لەو شوێنانەدا کە بنکەی سەربازی هەیە، لە بەحرەین و قەتەر و هەروەها پێوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی تورکیادا. هەروەها دەتوانین هاوکاری سەربازیی خۆمان لەگەڵ سوپای تورکیادا بەهێز بکەین وەك ئەندامێکی ناتۆ، چونکە بوونی بنکەی سەربازی خۆی لە خۆیدا ستراتیژ نییە، بەڵکو بژاردەیەکە و ئەگەری لێدەکرێت. پێویستە سەرۆك ئۆباما رووبکاتە رای گشتی و هاوپەیمانێتییەکە لەگەڵ هەردووکیاندا ستراتیژیەتێکی گەورەتر دەستنیشان بکات، ستراتیژیەتەکەی ئەو کاردانەوەیە چالاك نییە، تاوەکو بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی بەرفراوانتر نەبێت، ئەوا تەنها هەنگاوی زیاتری تاکتیکی هەڵدەگیرێت و نابێتەهۆی بەدەستهێنانی ئامانجە کۆتاییەکە، پێویستە ئەمریکا ئەوە دەستنیشان بکات کە ئامانجی کۆتایی چییە؟ ئایا رووخاندنی دەسەڵاتەکەی ئەسەدە؟ ئایا ئیحتیواکردنی داعشە؟ ئایا ئایندەی سووریا چی دەبێت؟ پێموایە گفتوگۆیەکی ناوخۆیی زۆر بەرێوەدەچێت لە نێو کۆشکی سپیدا کە ئایا لە مەودای کورتدا ئامانجەکە چییە و دەتوانرێت چی بەدەست بهێنرێت، پێویستە سەرەتا ئەم پرسیارانە بکرێن، پێش ئەوەی بنکەیەکی سەربازی لە عێراقدا بکرێتەوە.

***دەبینین کە تەنانەت هەڕەشەی گەورەی داعشیش نەبۆتە هۆی دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو، ئێستاش دیارە کە هێزەکانی پێشمەرگە بە تەنیا رووبەڕووی داعش دەبنەوە و شیعەکان بە تەنیا شەڕ دەکەن و هەروەها سوننەکانیش بە تەنیا شەڕ دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمریکا لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا مامەڵە لەگەڵ سێ سوپادا دەکات؟**

- لە عێراقدا حاڵەتە میسالییەکە ئەوە دەبێت کە راهێنان بە پاسەوانی نیشتمانی بکرێت و بەرەوپێش ببردرێن، پێموایە یەکێك لە کێشەکانی سوپای عێراقی لە دوای هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەوەیە سوپای عێراقی سوپای نیشتمانی نییە، چونکە بە تەواوەتی پرسێکی تایەفەگەری بووەو بووەتە میلیشیایەکی گەورەی شیعە. ئەوەی پێویستە ئەوەیە چۆن شیعە و سوننەکان ئاوێتە دەکرێن و لە حاڵەتی میسالیدا پێکهاتەی کوردیش، پێموایە ئەوە تەحەددیەکی گەورەترە. چۆن دەکرێت سوننەی زیاتر بەشداری پێبکەیت بۆ شەڕکردن بۆ سوپای عێراق؟ لەگەڵ ئەو بارگرژییەی کە لە پارێزگای ئەنباردا هەیە، ئەوا ناردنی سوپایەك —کە زۆرینەی شیعەن- و میلیشیا شیعەکان مایەی کارەسات دەبێت. بۆیە ئەوەی زیاتر گونجاوە بیری لێبکەینەوە، ئەوەیە چۆن بەشداری بە سوننەکان بکەین لەو پارێزگایانەدا کە متمانەیان هەبێت بۆ ئەوەی بچنە نێو سوپای عێراقی و راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو شەڕەدا بکەن، چونکە ناردانی سوپای شیعە و میلیشیای شیعە زیانی لە قازانجی زیاترە.

**ستراتیژیەتێکی گشتگیر لە دژی داعش پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئەرزی واقیع لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە پێشەنگی بکرێت**

**سوپای عێراقی سوپای نیشتمانی نییە، چونکە بە تەواوەتی پرسێکی تایەفەگەری بووەو بووەتە میلیشیایەکی گەورەی شیعە**

**دروستکردنی بنکەی سەربازی ئەگەرێکە کە لە مەودای کورتدا لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بۆی هەیە شەڕی ناوخۆیی سووریا بۆ دەیەیەکی دیکەش بەردەوام بێت و بە شێوەیەکی حەتمیش دەبێت ئەمریکا رۆڵێکی ستراتیژی گەورەتر ببینێت. کەواتە چارەسەرێکە و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت**

# هۆکارەکانی دروستبوونی داعش

**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر**

هۆکارە راستەوخۆکانی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش) خۆی لەو دەرفەت و پانتاییەدا دەبینێت کە بەهۆی دوو شەڕی ناوخۆیی تاڵەوە هاتنەئاراوە کە بوونە تەحەدی بۆ ئەو سیستمەی دەوڵەت کە لە ئارادایە و ئەو سنوورانەی بە هۆی رێککەوتنی (سایکس پیکۆ)وە لە جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بوون: (١) شەڕی ناوخۆیی خوێناوی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا کە لە دوای رووخاندنی دەسەڵاتەکەی (سەددام حوسێن)ـەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە بەرپا بوو. (٢) شەڕێکی ناوخۆیی مەترسیدارتر کە لە ساڵی ٢٠١١ـەوە لە سووریا هەڵگیرساوە.

پێکهاتەیەکی گرنگی عێراق کە عەرەبی سوننەن و پێشتر حوکمڕان بوون و ئیستاش دەسەڵاتیان لەدەست داوە، کەتبووە ژێر کاریگەریی هەڵوێستی سەربازییانەی-کە بنەمایەکی مۆدێرنیشی هەبوو- ئەلقاعیدەوە لە دژی باڵادەستبوونی ئەمریکا، هەڵسا بە دروستکردنی ئەلقاعیدەی عێراق بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی لەدەستچووی لەو حکومەتە نوێیەی لە عێراقدا لە ئارادایە کە دروستکراوی ئەمریکایە و شیعەکان تێیدا باڵادەستن .

ئەگەرچی جار لە دوای جار کەوتنەبەر گورزی هێزی سوپای ئەمریکا کە باڵادەستییەکی تەواوی ئاسمانی لە خۆ دەگرت و تەنانەت بووە هۆی کوشتنی سەرکردەی ئەو کاتەی ئەلقاعیدەی عێراق (موسعەب ئەلزەرقاوی)، هەروەها دوایین تەکنەلۆجیا کە بکرێت بۆ هێزی پیادە دەستەبەر بکرێت، ئەمریکا و عێراقی شەریکی کە شیعەکان تێیدا باڵادەستن، توانییان لە کۆتاییدا (ئەگەرچی دەرکەوت ئەمە کاتییە) ئەلقاعیدەی عێراق تێکبشکێنن لە رێی بەکارهێنانی پاداشتی سیاسی و داراییەوە بۆ داماڵینی پشتیوانیی سوننەکان لە لقێکی هەرە سەرسەختی ئەلقاعیدە.

سەرنەکەوتنی سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری ئەلمالیکی لە بەردەوامیدان بە بەشداری پێکردنی سوننەکان، کە هێشتا دەستڕۆیشتوو بوون، ئەگەرچی دەسەڵاتیان لەدەستدا بوو، دەرفەتی ئەوەی رەخساند کە ئەلقاعیدەی عێراق دووبارە سەرهەڵبداتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەمریکا هێزە پیادەکانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا کشاندەوە.

لە هەمان کاتدا شەڕی ناوخۆیی سووریا، کە هەمووان شەڕی یەکتریان دەکرد، دەستی پێکردبوو. سنوورە دەستکردە پڕ لە کەلێنەکانی دەوڵەت لە نێوان



بۆ گوڵانی نووسیووە

عێراق و سووریا بواری دروستکرد ئەلقاعیدەی عێراق- کە دووبارە دەستی بە چالاکی کردبۆوە- بە زوویی پەناگە و بنکەگەلێك لە سووریا بەدەست بهێنێت، کە لەوێوە ئەو بزووتنەوەیەی دووبارە دروست ببۆوە کە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ـە، توانی تا رادەیەك بۆ کۆنترۆڵکردنی سووریا و عێراق بە ئاسانی جموجووڵ بکات.

هەرچۆنێك بێت، سەرەتا داعش وەك هەڕەشەیەکی وجودی دروست نەبوو. شەڕەکانی سەرەتا لە دژی لقەکەی ئەلقاعیدە لە نێویاندا لقە رەسمییەکەی لە سووریا بەرەی ئەلنوسرە و گروپە ئیسلامییە میانڕەوترەکان و سوپای سووری ئازاد کە گریمانەی ئەوە دەکرا عەلمانی بێت و هێزەکانی بەشار ئەلئەسەد، کە قەبارەی بچوك ببۆوە، بەڵام هێشتا هێزێکی سەرسەخت بوون، و کوردەکانی سووریا، کە ئێستا بە رادەیەکی زۆر لە ژێر سەرکردایەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی دەستەخۆشکی روویاندا.

داعش بە تێپەڕبوونی کات، هێز و توانایەکی گەورەتری پیشاندا، بەڵام هیچ کاتێك بەو رادەیە نەبوو کە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤دا بەدیمان کرد، کاتێك بە شێوەیەکی کتوپڕ سنووربەندییە ناوخۆییەکانیان شکاند و موسڵیان داگیر کرد، کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە. ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بووە هۆی ئەوەی ئەم رێکخراوە خاکێکی بەرفراوانی بکەوێتە دەست، باس لەوەش دەکرێت برێکی زۆری پارە لە بانکی مەرکەزی موسڵ دەستی بەسەردا گیرابێت، هەندێ لە نوێترین کەل و پەلە سەربازییە ئەمریکییەکان دەستیان بەسەردا گیرا، ئەویش لە سوپاکەی بەغداوە کە لەلایەن ئەمریکاوە کەلوپەلیان بۆ دابین کرابوو و مەشقیان پێکرابوو، بەڵام بەهۆی پشتیوانی عەرەبی سوننەوە لە داعش شکستیان هێنابوو. ئەو دەستکەوتانە سەری کێشا بۆ ئەوەی داعش خۆی وەك خەلافەتێکی نوێ رابگەیەنێت و ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ دەوڵەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ئەبوبەکر ئەلبەغدادی کە خۆی وەك خەلیفە راگەیاند. هەرچۆنێك بێت، دوژمنەکانی بە داعش بانگی ئەم رێکخراوە دەکەن کە کورتکراوەی ناوە عەرەبییەکەیەتی «الدوله الاسلامیه فی العراق و الشام»، ئەو وشەیە بووە دەستەواژەیەك بۆ بە کەم سەیرکردنی، بەڵام چۆن داعش ئەوەندە بەهێز بوو؟ بۆچی تێکشکاندنی ئەوەندە دژوارە؟

**سنوورە دەستکردە پڕ لە کەلێنەکانی دەوڵەت لە نێوان عێراق و سووریا بواری دروستکرد ئەلقاعیدەی عێراق- کە دووبارە دەستی بە چالاکی کردبۆوە- بە زوویی پەناگە و بنکەگەلێک لە سووریا بەدەست بهێنێت**

# حکومەتەکەی داودئۆغڵۆ شێوازێکی نوێی مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد



دۆغو ئەرگیل*
بۆ گوڵانی نووسیوە

یەك شـــەممەی رابردوو ســـەرۆك وەزیرانی نوێ، بەڕێز ئەحمەد داود ئۆغڵۆ بانگهێشـــتی ئەو کەسانەی کرد کە پێیان دەگوترێت «بیرمەندان» و دوو ســـاڵ پێش ئێستا ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرابوو کە هەستن بە پێوانەکردنی هەستی گشـــتی دەربارەی پرۆسەی ئاشتی/ چارەسەر و گەیاندنی بۆچـــوون و چاوەڕوانی و نیگەرانییەکانی خەڵك بە حکومەت. لە راســـتیدا ئەم بانگهێشتە پەلەی لێکرا، بـــە هۆی ئەوەی بیرمەندەکان پێش چەند رۆژێك لە کۆبوونەوەکە لە دۆڵمە باهچەسی بە راگەیاندراوێکی گشتی ئەوەیان بیری حکومەت هێنایەوە کە ئەوەی پێی دەگوترێت «پرۆســـەی ئاشتی» زۆر سستە و زۆر تەم و مژاوییە.

ئەوان وتیان نارۆشنی و سستی لە پرۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ کوردەکان سەردەکێشـــێت بۆ مەزەندەی نادروست و بـــێ متمانەیی لە ئاســـت حکومەتدا، هـــەروەك لە خۆپیشاندانە توندوتیژەکانی شەقامدا بەدی کرا لە رۆژانی ٧ و ٨ی مانگی تشرینی یەکەمدا. بە دەگمەن من رێم کەوتۆتە دانیشـــتنێکی ئاستبەرزی لەم شێوەیە کە تێیدا بە چڕی بیر بکرێتەوە. زۆربەی ئەو دانیشتنانەی تێیاندا بەشـــداریم کردووە، کە مەبەست لێی ئەوە بووە بە چڕی بیربکرێتـــەوە، کەمتر ئەم کارە کراوە و زیاتر بە پشـــێوی کۆتایـــی هاتووە. کۆبونەوەکە بـــۆ ١١ کاتژمێر درێژەی کێشـــا و هەرگیز ساتەوەختێکی بێزارکەری فیکری تێدا نەبوو. سەرنجی من ئەوەیە ئەم «بیرمەندانە» ژیرتر بوون و دەکرێت سەرۆك وەزیران ببێتە سیاسەتکارێکی باشتر، بەو مەرجەی خیتابە تیۆرییە پرشنگدارەکەی تەرجەمە بکرێت بۆ هەڵســـوکەوتێکی دروست و جیاوازییە روو لە زیادەکانیـــش لە خیتابەکەیدا لەگەڵ خیتابی ســـەرۆك نەبێتەهۆی قەیرانگەلێك و یەخەی حکومەت بگرێت.

پێدەچێت حکومەتە نوێیەکە لەو راســـتییە تێگەیشتبێت کـــە کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵێکـــی بەپەلەی هەیە بۆ ئەوەی لە پرۆســـەکەدا ببینرێت. لە راســـتیدا متمانەی

نێوان حکومەتی ناوەند و سەرکردایەتی سیاسیی کورد زۆر پاشەکشەی بە خۆوە بینیوە و پێویستە ئەو متمانەیە بگەڕێنرێتەوە. میانگیرێك پێویستە ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت. ئەوە شتێکی نهێنی نییە کە حکومەتەکە خوازیاری ئەگەری دروستبوونی ئیدارەیەکی کوردی خۆبەڕێوبەر (ئۆتۆنۆمی) لە خاکی سوریادا نییە کە- ئەو ئیدارەیەش- پاشکۆی پەکەکە بێت، کە تورکیا رایگەیاندووە رێکخراوێکی تیرۆریستییە. حکومەتی تورکیا پێیوایە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی دانیشتووی تورکیاش بوێری ئەوە بکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری بدەن.

هەرچۆنێك بێت، دروستبوونی فشاری سیاسی لە ناوخۆی وڵاتەکەدا بۆ تەواوکردنی «چارەسەر»ەکە لەلایەك و باشتربوونی پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لایەکی دیکەوە کە وەك هێزێك لێی رابببینرێت دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوەستێتەوە، ئەویش بە هاوکاری رۆژئاوا لە نێویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆیە پێویستە حکومەتی تورکیا رەوتی سیاسەت و کارکردنی بگۆڕێت، چونکە ئەو راستییە روونە کە چیتر کێشەی کورد تەنیا کێشەیەکی خۆجێی نییە.

کاتێك چالاکوانەکانی سەر شەقام گەیشتنە ترۆپکی خۆیان، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا سەردانی عەبدوڵا ئۆجەلان سەرکردەی زیندانی کراوی (پەکەکە)ی کرد، بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو بەدەست بهێنێت بۆ وەستاندنی خۆپیشاندانەکان کە بە ئاژاوە دەچوون. لە هەمان کاتدا دەبوو حکومەتی تورکیاش هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێت و چاوەڕێی نەکردایە تاوەکو دەرئەنجامی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەسەر شارۆچکەی کۆبانێ (کە شارۆچکەیەکی کوردییە لە سووریا) دەربکەوێت و نەدەبوو پێشبینی بکردایە وەك «رزگارکەرێگ» هەڵبستێت بە کۆکردنەی پارچە و پاشماوەکان، کە ئەمەش رووی نەدا. کوردەکان شەڕێکی پاڵەوانانەیان کرد و جیهانیش بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هات بەهانایانەوە. ئێستاش دەبێت حکومەتی تورکیا پردی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکان و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکاندا بنیات بنێتەوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە بە فەرمی دانی پێدا نرا، بریتی بوو لە رێککەوتنێك بۆ ئەوەی کۆك بن لەسەر گرتنەبەری ناتوندوتیژی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کورددا، بەڵام، ئەمە بەس نەبوو بۆ هێنانەدی ئاشتی. هێنانە ئارای ئاشتی پرسێکی زۆر مەزنتر و ئاڵۆزترە لە ئاگربەست و سنووردارکردنی جووڵە و بزاوتەکان و پێویستی بە کۆدەنگی و پشتیوانیی خەڵك هەیە. بەو پێیە دەبێت ئەڵقەی بزر لە هەوڵەکانی ئاشتیدا بهێنرێتەوە ئارا. ئەڵقە بزرەکەش بریتییە لە بەشداریکردنی خەڵك لە پرۆسەکەدا، هەم وەك چاودێر و هەم وەك پارێزەری ئاشتی.

ئەوە روونە کە تورکیا توانای ئەوەی هەیە ئاشتییەکی درێژخایەن لەگەڵ هاووڵاتیانی کورددا بێنێتەدی، ئەویش بە پشتبەستن بە چوارچێوەیەکی دیموکراسیی گەشەکردوو بە یاسایی مرۆیی، ئەو کوردانەی لە دەوڵەتە دراوسێکاندا دەژین، وەك پارێزەری ئەو مافانە لە تورکیا دەڕوانن کە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بدەن. لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە لە دۆڵمەباهچەچی ئەنجام دران، پێدەچوو سەرۆك وەزیران داود ئۆغلۆ هاوڕا بێت لەسەر ئەو گفتوگۆیانە و رایگەیاند کە ئەگەر هاووڵاتی بوون لەسەر بنەمای پێناسەیەکی بەرتەسکی (ناسنامەی) رەگەزی و ئیتنی و ئایینی بێت، ئەوا ئەمە بە زیان دەشکێتەوە بۆ یەکێتی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی. هەرگیز سەرۆك وەزیرانی تورکیا پێشتر ئەم وشانەی لێ نەبیستراوە. بۆیە گومانی تێدا نییە کە ئەم لۆجیکە پرۆسەی ئاشتی پتەو دەکات.

تاوتوێکردنەکان ئەو راستییەیان ئاشکرا کرد کە شاندەکانی «بیرمەندان» هەروەك ئێمە دەزانین لە مێژووی پەرەسەندنی دیموکراتی وڵاتەکەوە هاتۆتەئاراوە و ئەوان پێشووتر بەو شێوەیەی ئێستا بوونیان نەبوو. هەرچۆنێك بێت، کۆمیسیۆنی نوێ و ئەرکی نوێ دادەڕێژرێت بۆ ئەوەی وەزیفەی نوێ ئەنجام بدەن، وەك «لێکۆڵینەوە لە تاوانە سیاسییەکانی رابردوو»، «دادپەروەریی ئینیتقالی»، «میانگیریکردن و گفتوگۆکردن»، «دووبارە ئاوێتەکردن»، «هەقیقەت و ئاشتەوایی» و «دیبلۆماسیەتی گشتی». دەکرێت ئەو ئەندامانەی ئێستا لەم گروپانەدا بەشداری بکەن کە دواتر سەرکردەکانی رای گشتی و شارەزایانیش لەگەڵیاندا بەشدار بن.

ئایا ئەم پەرەسەندنە ئیجابییانە بەرهەمیان دەبێت؟ دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، بەڵام کاتێکی زۆر لەبەردەستدا نییە. تورکیا لە سەر ئاستی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی دەرەکیش فشاری لەسەرە. لەوەش زیاتر هەڵبژاردنەکان زۆریان نەماوە وڵاتەکە و حکومەت ناتوانن بچنە هەڵبژاردنەکانەوە کە لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا ناکۆکییەکی بارگران و ورەیەکی لاواز هەبێت.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**پێویستە حکومەتی تورکیا رەوتی سیاسەت و کارکردنی بگۆڕێت، چونکە ئەو راستییە روونە کە چیتر کێشەی کورد تەنیا کێشەیەکی خۆجێی نییە**

**هێنانەئارای ئاشتی پرسێکی زۆر مەزنتر و ئاڵۆزترە لە ئاگربەست و سنووردارکردنی جووڵە و بزاوتەکان و پێویستی بە کۆدەنگی و پشتیوانیی خەڵك هەیە**

**هەڵبژاردنەکان زۆریان نەماوە وڵاتەکە و حکومەت ناتوانن بچنە هەڵبژاردنەکانەوە کە لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا ناکۆکییەکی بارگران و ورەیەکی لاواز هەبێت**



## ئیرنستۆ ڤێردیجا

### پسپۆڕ لە دیراساتی ئاشتی و توندوتیژیی سیاسی بۆ گوڵان:

# بەکۆیلەکردن و فرۆشتنی کچان و ژنانی کوردی ئێزدی تاوانی ژینۆسایدە

**پرۆفیسۆر ئەرنستۆ ڤیردیجا ئوستادی زانستی سیاسەت و دیراساتی ئاشتییە لە زانکۆی (نۆرس داما)، خاوەنی کتێبی (پێکهاتنەوە لەدوای توندوتیژی سیاسی)یە و هەروەها پسپۆڕە لە سەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو تاوانە دڕندانەی کە تیرۆریستانی داعش دەرهەق بە کوردانی ئێزدی ئەنجامیانداو ئافرەتانی کوردیان کرد بە کۆیلە و فرۆشتیانن و هەروەها بە زۆر ویستیان ئێزدی و مەسیحی واز لە ئایینی خۆیان بێنن و بچنە سەر ئەو ئیسلامەی داعش دەیەوێت، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردووە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە هێرشەکانی چەکدارانی داعشدا بۆ سەر شنگال لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە هەزاران کوردی ئێزدی کۆمەڵکوژ کران و بە هەزاران ئافرەت بە کۆیلە کران و بازرگانییان پێوەکراو فرۆشران، ئایا تا چ رادەیەك دووبارە بە کۆیلەکردنەوەی ئافرەتان و ئەو تاوانە دژ بە ئافرەتانی کورد بە تاوانێکی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت؟**

- هێرشەکانی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە دژی خەڵکانی ئێزدی لە چیای شنگال بۆ چەندین مانگە بەردەوامەو درێژەی هەیە. بەم دواییە و لە رۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمدا ئاژانسەکانی هەواڵ باسیان لەوە کرد کە دووبارە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەوڵی گرتنەوەی شنگال دەدات، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژیانی خەڵکانێکی زیاتر لە ناو بچێت و ژمارەیەکی زیاتری خەڵکانی مەدەنیش ئاوارە بن. سەرەڕای کوشتار و ئەشکەنجەدان، هێزەکانی

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هێرشی سیستماتیکیان ئەنجام داوە و کچان و ئافرەتانیان بە کۆیلە کردووە. لە ئێستادا زۆر بە باشی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) سەلمێنراون، بەڵگەی گرنگ لەبارەی بە ئامانج گرتنەکانەوە هاتوونەتەئاراوە، نەک تەنها لە زاری رزگاربووانەوە، بەڵکو بەهۆی وتەی فەرماندەکان و پروپاگەندەچییەکانی خودی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ەوە پشتراست کراونەتەوە. لە روانگەی یاسای مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆییەوە، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) چەند تاوانێکی ئەنجام داوە، لە نێویاندا تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانی جەنگ. هەموو ئەمانە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی یاساییین. هەروەک لەلایەن یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە پێناسەی بۆ کراوە (کە لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهێنرێت). ئەم تاوانانەش کوشتن و لە ناوبردن و بە کۆیلەکردن و راگواستن، یاخود گواستنەوەی زۆرەملێی خەڵک و زیندانیکردن و بە هەمان شێوە بێبەشکردنی توند لە ئازادییەکان- کە پێشێلکردنی یاسایی نێودەوڵەتی بێت- و، ئەشکەنجەدان و ئەتککردن و شێوە توندەکانی دیکەی توندوتیژی جنسی، ستەمکردن لەسەر بنەمای سیاسی و رەگەزی و ئایینی و ناسنامە دەستە جەمعییەکانی دیکە، شوێنبزرکردنی زۆرەملێ و کارە نامرۆڤانەکانی دیکە، کە ئێش و ئازارێکی زۆر دروست دەکەن. هەروەها هێرشکردنەسەر کچان و ژنان دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە. گرنگە ئەوەمان لە یاد بێت کە جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێناسەیەکی دیاریکراوی هەیە: پەیوەستە بە کردەوەیەکەوە کە ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی لەناوبردنی بەشێک، یان سەرجەم گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنی، نەژادی یاخود ئایینی. بەلای کەمەوە دەکرێت ئێزدییەکان وەک گرووپێکی ئایینی پێناسە بکەین، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئامانجی ئەوان لە ناوبردنی گرووپێکی لەم چەشنەیە. بۆی هەیە توندوتیژی جنسی و بە کۆیلەکردن بچێتە خانەی جینۆسایدەوە، ئەگەر هاتوو بەشێک بن لەم لەناوبردنە بە ئامانجگیراوە، کە ئەگەر لە لێدوانەکانی سەرکردەکانی خودی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بروانین، ئەوا ئەمە حاڵەتەکەیە. خاڵی گرنگ بۆ جیاکردنەوەی جینۆساید لە کوشتنی بەکۆمەڵ، یاخود توندوتیژییەکی بەربڵاو بریتی نییە لە ژمارەی کوژراوەکان، بەڵکو لە جینۆسایددا دەبێت نیازی لە ناوبردنی گرووپە بە قوربانی بووەکە لە ئارادا بێت، نەک تەنها سەرکوتکردنی.

لە کۆتاییدا، ئەوە روونە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) چەند تاوانێکی جەنگی ئەنجام داوە. ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ پێناسە یاساییەکەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەوا تاوانەکانی جەنگ کوشتن و برسیکردن و هەڵسوکەوتی خراپ و راگواستنی زۆرەملێی دانیشتووانی مەدەنی و لەناوبردنی ئەو ناوچانەی دانیشتووانی مەدەنی تێدا نیشتەجێیە ناچنە خانەی پێداویستی سەربازییەوە، مامەڵەی خراپ و کوشتنی دیلی جەنگ، بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆر لە نێو چەندین ئامرازی دیکەدا. (خاڵی سەرەکیی لەبارەی تاوانەکانی جەنگەوە ئەوەیە پێویستە لە کاتی جەنگدا ئەنجام درابێت، بە پێچەوانەی جینۆساید یاخود تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە دەکرێت لە هەر کاتێکدا رووبدەن). ئاشکرایە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەموو ئەو کارانەی ئەنجام داوە. لە راستیدا، بە پێی راپۆرتە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکرێت کە چەکدارانی داعش رەنگە غازی کلۆریان بەکار هێنابێت، ئەمەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاساکانی جەنگە. بە گشتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی ژمارەیەکی گەورەی تاوان دژ بە مافەکانی مرۆڤ، لە نێویاندا تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ، کە دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت و دادگایی بکرێن.

*** هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی مافەکانی مرۆڤ پێیانوایە لەبەر ئەوەی ئەو تاوانانە لەلایەن رێکخراوێکەوە ئەنجام دراون کە شەرعییەتی نێودەوڵەتییان نییە، کەواتە ناتوانرێت کارێکی جددییان لە دژ ئەنجام بدرێت، ئایا پێتوایە ئەگەری ئەوە هەبێت یاسای نێودەوڵەتی بەرگری لە بە کۆیلەکردنی ئافرەتانی کورد و فرۆشتنی ئەو ئافرەتانە بکات؟**

- یاسای نێودەوڵەتی هەموو کەسێک لە بەکۆیلەکردن دەپارێزێت، بە چاوپۆشین لە رەگەزی ئەو کەسە. ئیدی گرنگ نییە کاراکتەرەکە دەوڵەت بێت، یاخود غەیرە دەوڵەت (وەک دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش») کە خەڵکی بە کۆیلە دەکات. ئەمە دژی یاسایە و دەبێت ئەنجامدەرانی دادگایی بکرێن و سزا بدرێن.

*** کاتێک دێینە سەر بەراوردکردنی جینۆسایدی ئەرمەنی و ئێزدییەکان، ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە چ جیاوازییەک هەیە لە نێوانیاندا کە جیهان دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا دەنێت، بەڵام لە ئاست بە کۆیلەکردن و کۆمەڵکوژییەکانی ئێزدییەکان دوودڵ دەبێت؟**

**لەبەرچاوگرتنی بانگەشە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ لە ناوبردنی گرووپەکانی دیکە و ئەو کارانەی پەیوەستن بە گۆڕینی ئایینەوە بە شێوەیەکی زۆرەملێ دەچنە خانەی جینۆسایدەوە**

**لەسایەی پرەنسیپێکی نێودەوڵەتیدا کە پێی دەوترێت بەرپرسیارێتی پاراستن، حکومەتەکان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییەکانی- مافەکانی مرۆڤ- خۆیان بپارێزن**

**دۆخی ئێستای ئێزدییەکان سوودی لە بوونی سۆشیال میدیا وەرگرتووە، کە بەلای کەمەوە لە سەرنجراکێشانی نێودەوڵەتی بۆ میحنەتە مەدەنییەکان سەرکەوتوو بووە**

**جینۆسایدی ئەرمەنەکان کاری دەوڵەتێک بوو، نەک هێزێکی یاخیبووی لەیاسا دەرچووی وەک دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)**

**داعش تۆمەتبارە بە ئەنجاندانی ژمارەیەکی گەورەی تاوان دژ بە مافەکانی مرۆڤ، لە نێویاندا تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ، کە دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت و دادگایی بکرێن**

- جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتێکەوە ئەنجام درا، کە ئەویش بریتیی بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەویش وەك پلانێك بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ئیمپراتۆریەتەکە لەبەر رۆشنایی مێژووی بچووکبوونەوەی ئیمپریالی، کە بە هۆی شەڕەکانی (بەلقان)ەوە لە ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٣ و دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەمەوە زیاتر روویدا. ماوەیەکی زۆر بوو وا لەو کەسانە دەڕوانرا کە لە رووی ئیتنەوە ئەرمەنی بوون و هەروەها یۆنان پۆنتییەکان و گرووپەکانی دیکە کە شایستەی ئەوە نین متمانەیان پێ بکرێت و کەسانی نادڵسۆزن، سەرکردایەتی شۆڕشگێری تورکیاش کە لە ساڵی ١٩١٣دا دەسەڵاتی گرتەدەست سیاسەتی جینۆسایدی گرتەبەر لە سیاقی شەڕ و جیاکاری مێژوویدا. بە دڵنیاییەوە جیاوازی سەرەکی ئەوەیە کە جینۆسایدی ئەرمەنەکان کاری دەوڵەتێك بوو، نەك هێزێکی یاخیبووی لەیاسا دەرچووی وەك دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بە پێچەوانەی بانگەشەی سەرکردەکانیەوە، دەوڵەتێکی دانپێدانراو نییە. بەڵکو زیاتر یاخیبوونێکە کە هەندێك سەرکەوتنی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەدەستهێناوە و دەیەوێت بە شێوەیەکی توندوتیژ هەڵبستێت بە «پاککردنەوەی» خاکە داگیرکراوەکانی لە هەر کەسێك کە ئایدیۆلۆجیا سیاسی و ئایینییە توندڕەوەکەی قبووڵ نەکات. گرنگە ئەوەمان لە یاد بێت کە دانپێدانان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا، کە ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاوتر قبووڵ دەکرێت بە بەراورد بە پانزە ساڵ پێش ئێستا، پێویستی بە چەند دەیەیەك لە کار و کۆشش و پشتیوانیی سەخت هەبوو لەلایەن چالاکوانەکانی مافەکانی مرۆڤەوە، هەم لە لایەن ئەرمەنەکان و هەم لەلایەن ئەوانی دیکەوە. کەشە سیاسییەکە بە رادەیەکی گەورە گۆڕاوە، کە تەنانەت لە ئێستادا جینۆساید باشتر ناسراوە لە تورکیادا، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە هێشتا گفتوگۆکردن لەبارەیەوە سەردەکیشێت بۆ ئەوەی لە رووی مەدەنی، یان جینائییەوە دادگایی بکرێت. لە هەر حاڵەتێکدا، دۆخی ئێستای ئێزدییەکان سوودی لە بوونی سۆشیال میدیا وەرگرتووە، کە بەلای کەمەوە سەرکەوتوو بووە لە سەرنجراکێشانی نێودەوڵەتی بۆ میحنەتی مەدەنییەکان. بەڵام هەرچۆنێك بێت، بۆی هەیە درێژەدان بەم سەرنجراکێشانەی راگەیاندن زۆر زەحمەت بێت، ئەویش بەهۆی باسکردنی چەندین قەیرانی سیاسی لە هەواڵەکاندا (سوودانی باشوور، کۆماری رۆژهەڵاتی دیموکراتی کۆنگۆ، ئەفغانستان، ئیبۆلا و ئەفریقیای رۆژئاوا، هۆنگ کۆنگ، ئۆکرانیا و ...هتد.)

*** سەرەڕای تاوانەکان دژی مەسیحی و ئێزدییەکان، ئەوا لە هەرێمی کوردستاندا یەك ملیۆن و نیو ئاوارە هەن، ئیدی یان ئاوارەی ناوخۆن، یاخود پەنابەری دەرەوەن، ئەمەش بەدەرە لە توانای ئەم هەرێمە، ئەو ئاوارانەش لە رەوشێکی خراپدان و بە هاتنی وەرزی زستانیش دۆخەکەیان خراپتر بووە، هاوکاری و کۆمەکی نێودەوڵەتیش وەك پێویست نەبووە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقی بەشە بودجەی کوردستانی بڕیوە، ئەمەش ئەوەندەی دیکە باری سەرشانی هەرێمی گرانتر کردووە، ئایا جیهان چۆن لەم کارەساتە دەڕوانێت؟**

- من ئومیدی ئەوە دەکەم کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پابەندبوونی خۆی بەهێزتر بکات بۆ هاوکاریکردنی ئێزدی و مەسیحی و ئەو خەڵکە مەدەنییانەی دیکە کە ئاوارە بوون و بەدەست بێبەشبوونێکی توندەوە دەناڵێنن. لەسایەی پرەنسیپێکی نێودەوڵەتیدا کە پێی دەوترێت بەرپرسیارێتی پاراستن، حکومەتەکان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییەکانی-مافەکانی مرۆڤ- خۆیان بپارێزن، کاتێك حکومەتەکە نەیەوێت، یاخود نەتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێتەپێشەوە. ئەمە حاڵەتەکەیە بەتایبەتی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانگەلێکی دیاریکراودا وەك: تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، پاکتاوی رەگەزی. لە ساڵی ٢٠٠٦دا نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن کردەوە، ئەگەرچی بە یەکسانی جێبەجێ نەکراوە و کراوەیە بە رووی تەلاعوبکردنێکی سیاسیی گەورە لەلایەن نەتەوە دەستڕۆیشتووەکانەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان جار لە دوای جار داوای هاوکاری کردووە، هێزە رۆژئاواییە جۆراوجۆرەکانیش خۆیان پابەند کردووە بەلای کەمەوە بە دەستەبەرکردنی هەندێ پشتیوانییەوە. هەرچۆنێك بێت، دەبێت کاری زیاتر بکرێت- بەپەلەش ئەو کارە بکرێت- ئەمە ئەگەر بمانەوێت ژیانی مەدەنییەکان رزگار بکەین. ئەمەش نەك هەر تەنها دەستەبەرکردنی ئاسایش، بەڵکو بەلای کەمەوە دابینکردنی خۆراك و دەرمان و جلوبەرگی گەرم و شەڵتەر دەگرێتەوە.

*** جگە لە بە کۆیلەکردنیان تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داوایان لە مەسیحی و ئێزدییەکان کردووە ببنە ئیسلام، ئایا ئەمە جینۆساید نییە دژی کەمینەکان و ئایا ئەم جینۆسایدە بێ لێپرسینەوە تێدەپەڕێت؟**

- دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڕەشەی لە ئێزدی و مەسیحیەکان کردووە بۆ ئەوەی ئاینی خۆیان بگۆڕن بۆ ئەو ئیسلامەی ئەوان بەرجەستەیان کردووە، ئەگەرنا رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە. لەبەرچاوگرتنی



بانگەشـــە یەك لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شـــام (داعش) بۆ لە ناوبردنی گرووپەکانی دیکە و ئەو کارانەی پەیوەســـتن بە گۆڕینی ئایینەوە بە شێوەیەکی زۆرەملێ دەچنە خانەی جینۆسایدەوە.

*** ئایا دەکرێت قوربانییانی ئێزدی ســـکاڵا لە دادگای نێودەوڵەتی تۆمار بکەن بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە؟**

- نە عێراق و نە ســـووریا ئەندام نین لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا، کەواتە لەم کاتەدا تاکە ڕێگە بۆ دەستکردن بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن بریتییە لە مۆڵەت پێدانی ئەنجومەنی ئاسایشـــی نەتەوە یەکگرتـــووەکان (کە بۆ نموونە ئەمە حاڵەتەکە بوو لە لێکۆڵینەوەی دادگاکە لە ئاست سوودان). دادگاکە «سندوقی قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان»ی هەیە، ئەگەرچی ئەمە بۆ ئەو کەیسانەیە کە گەیشتوونەتە قۆناغی دادگاییکردن. بە دڵنیاییەوە، دەکرێت لە ڕێی دادگا ناوخۆییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دیکەوە بەدواداچوون بۆ دادگاییکردنیان بکرێت. هەندێ وڵات ڕێگـــە بە دادگاکانی ناوخۆی دەدەن کە دادگایی تاوانەکانـــی جینۆســـاید و تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتـــی بکەن، ئەگەرچی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکە دیکە سنووربەندییەکان دەگۆڕێت.

لەم ســـاتەوەختەدا دەبێت گرنگترین ئامانج بریتی بێت لە:

١. دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە ئێش و ئازارەکانی ئێزدی و مەســـیحییەکان و گرووپـــە مەدەنییەکانی دیکە کە کەوتوونەتەبەر هێرشـــی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

٢. ئەوەنـــدەی دەکرێـــت بەڵگە لەســـەر ئـــەو تاوانانە کۆبکرێتەوە کە دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شـــام (داعش) و گرووپەکانی دیکە ئەنجامیان داون بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا دادگایی بکرێن.

٣. ئامانجـــە بەربڵاوترەکـــە دەبێـــت هێنانەئـــارای ســـەقامگیرییەکی زیاتـــر بێت لە ناوچەکـــەدا. تاوەکو شەڕی ناوخۆیی سووریا و قەیرانی سیاسی درێژخایەنی عێـــراق بـــەردەوام بێت، ئـــەوا ئەگەری ئـــەوە نییە کە میحنەتی ئێزدییەکان و گرووپە مەدەنییەکانی دیکە بۆ یەکجاری کۆتایی پێبهێنرێت. بەرپاکردنی ئاشتی تەنها پابەندبوونـــی هێزە مەحەلی و ناوچەییەکانی پێویســـت نییە، بەڵکو پێویســـتی بە پابەندبوونی هێزە مەزنەکانی ناو نەتـــەوە یەکگرتووەکانیش هەیە. هەرچۆنێك بێت ئەم پرسە ئاڵۆزانە سەرەتای گفتوگۆیەکی دیکەن.

**خاڵی سەرەکیی لەبارەی تاوانەکانی جەنگەوە ئەوەیە پێویستە لە کاتی جەنگدا ئەنجام درابێت، بە پێچەوانەی جینۆساید یاخود تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە دەکرێت لە هەر کاتێکدا ڕووبدەن**



### ژیانی ژێر چادری ئاوارەکان لەبەر سەرما و لێزمەی باراندا

# خەمساردیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەمتەرخەمیی عێراق باری هەرێمی کوردستانی قورستر کردووە

کاتێک وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان کەمپەکانی (دارەشەکران، بەحرکە و کەورگۆسك)مان بەسەر کردەوە، لە سەر زاری ئاوارەکان چیرۆکی زۆر دڵتەزێنمان بیست، کە لە ئاکامی هاتنی وەرزی زستان و بارانبارین و ئاگرکەوتنە لە ناو خێوەتەکان رووبەڕووی ببوونەوە، کە چەندین منداڵ و ئافرەتی کردبووە قوربانی و کەوتنە ژێر ئاوی ژمارەیەکی زۆریش لە چادرەکان، جگە لە زیانەکانی بۆ کەرەستە و کەلوپەلەکانیان، حەوانەوەشیانی دژوار کردبوو.

لەسەرەتای سەردانەکەماندا بۆ کەمپی بەحرکە کە ٣٥٠٠ کەسی تێدا نیشتەجێ کراون، ویسام یونس کە خەڵکی موسڵە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن و سەبارەت بە کێشەکانی خۆیان لە ناو کەمپەکە وتی: «سەرەڕای ژیانی پڕ لە مەینەتی لە ناو چادر و ئاوارەیی و دوورەشاری، ئەوە سەرمای زستان و باران بارینیشی هاتە سەر». ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی لە ئاریشەکانی خۆیان دەکرد، ئەو داواکارییەشی بۆ لایەنی پەیوەندیدار خستەڕوو کە ئاوڕی جددییان لێبدنەوە، بۆ ئەوەی لانیکەم ئافرەت و منداڵەکانیان لە زستان و سارد و سەرما بپارێزن.

دالیا عەلی، ئافرەتێکی دانیشتووی هەمان کەمپە و ئەویش سەبارەت بە دۆخی ژیانی خۆی و خێزانەکەی وتی: «زستان و سەرما هاتووە و لە دۆخێکی زۆر خراپداین، ئاوی باران هاتووەتە ناو خەیمەکانمان و دۆشەك و جلوبەرگی منداڵ و پێداویستییەکانی رۆژانەمان ژێر ئاو کەوتووە، ئەم خەیمانە لە بارانبارین نامانپارێزن، تەنانەت بەرپرسانی کەمپەکە لە توانایاندا نییە نایلۆن و چادری دژ بە باران و ئاگرکەوتنەوەمان بۆ دابین بکەن». داوای لە خێرخوازانیش کرد بە «جلوبەرگی منداڵ و قەمسەڵە و بێخەف و بەتانی و چادر و نایلۆن» هاوکاری ئاوارەکان بکەن.

لەهەمان کەمپ ئاوارەیەکی دی بە ناوی عائیشە داوای لە حکومەتی هەرێم کرد، کە بڕە پارەیەکیان بۆ «کڕینی بلۆك و چیمەنتۆ» پێبدەن، تاوەکو خۆیان ژوورێك بۆ ئەم زستانە دروست بکەن، بەوتەی ئەو کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان هەمووان ئەو راستییە دەزانن کە مانەوەیان لە باشووری وڵاتەکەیان درێژە دەکێشێت و، ئێستا شەڕی (داعش)یشی هاتۆتەسەر. ئەو لەبەردەم منداڵەکانی بە حەسرەتەوە باسی ئەوەی کرد، کە بە درێژایی چەند مانگی رابردووی ئەمساڵ

لە نـــاو تەپوتۆز و گەرمـــای هاوین بە ناچـــاری ژیانیان بەڕێکـــردووە، بەڵام بەهاتنی وەرزی بارانبارین و ســـەرما و سۆڵەی زستان ئەوەندەی دی تووشی مەینەتی بوون.

ســـەرەڕای گرفتـــی نەبوونی و کەمیی بودجـــە و نەهاتنە پێشـــەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیـــەکان و حکومەتی عێراق، ســـەدان هەزار ئاوارەی شـــەڕ ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەوەش بارگرانییەکی زۆری بۆ ئیدارە و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دروســـت کـــردووە، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی بەلێشـــاوی ئەو ژمـــارە زۆرەی پەنابەران کە هەندێك ســـەرچاوە بە یەك ملیۆن و ٤٠٠ هـــەزار پەنابەر و ئاوارەیان خەملاندووە، پێشتریش بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان باســـی لـــەوە کرد کە توانا کەمەکانی بەردەســـت ڕێگـــرە لە بەردەم دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی پەنابەران. تاکو ئێستاش وڵاتە کۆمەکبەخشەکان بەپێی پێویست و لەئاست ئەو لێشاوە زۆرەی پەنابەراندا کە ڕوویان لەهەرێمی کوردســـتان کردووە، هاوکاریی دارایییان پێشـــکەش نەکردووە، هەر بۆیە پرســـی پەنابەران و بوونی زیاتر لە ٢٥ کەمپ لە هەرێمی کوردستان کە ٩ کەمپی دیکەش لە دروســـتکردندان، وادەخوازێت وڵاتە کۆمەکبەخشـــەکان و حکومەتەکەی عەبادی زیاتر لەم پرسە بێنەدەنـــگ، بەتایبەتـــی لە پارێزگای دهـــۆك کە هۆڵ و پۆلەکانـــی ناو قوتابخانە و باڵەخانـــە تەواونەکراوەکانیش پڕ بوون لە پەنابەر و ئاوارە.

یونس محەمەد گەنجێکی خەڵکی موسڵە کە لە ناو کەمپی بەحرکە نیشـــتەجێیە و بەمجۆرە باســـی کێشەکانی خۆیانی کرد: «بەم زســـتانە بارودۆخمان زۆر خراپە، بەتایبەتی دوای نەمانی ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەتی عێراق بە ئاوارەکانی موســـڵی دەدا، ئێمە عەرەبی شـــیعەی پارێزگای موسڵین، کەچی بە هیچ شێوەیەك یەك کاربەدەستی حکومەتی عێراق ئاوڕمان لێناداتەوە».

وتەکانی ئەو ئاوارەیەی شـــاری موسڵ لەلایەن ژمارەیەکی دیکەی ئەو ئاوارانەی عەرەبی موســـڵ پشتڕاست کرایەوەو ئەوانیش حکومەتەکەی (عەبادی)یان لە بەرامبەر پرســـی ئـــەو ئاوارانەی کە لەهەرێمی کوردســـتان لەنـــاو کەمپەکان نیشتەجێکراون، بە «خەمسارد و کەمتەرخەم» هەژمار کرد.

دواتر لەکەمپی کەورگۆسك چەند ئاوارەیەکی ناو کەمپەکەمان دواند، ســـەرەتا جویل ئەحمەد وتی: «لەم زستانە ئەگەری زۆرە منداڵ و کۆرپەکانمان تووشـــی نەخۆشـــی خراپ بن و لەدەســـتیان بدەیـــن، چونکە لەگەڵ هاتنـــی یەکەم باران زۆر لـــە چادرەکان کەوتنە ژێر لافاو و دۆشـــەك و بالیف و کەلوپەکانمان بەخەســـار چوون، زۆر لەو خێزانانەی ئاو ڕژایە ناو چادرەکانیان بەناچاری منداڵەکانیان بردە ناو ئۆتۆمبێل و هۆڵـــەکان و چادرەکانی دیکە، بۆیە داواکارین ژووریکمان بە بلۆك بۆ دروســـت بکەن، تاوەکو لە سەرما و بارانی ئەمساڵ بمانپارێزێت».

هەر سەبارەت بە خراپی چادرەکان ڕێبەر عەبدوڵا وتی: «زۆر دەترسین بەهۆی ســـەرما و هەڵگیرسانی سۆباوە خەیمەکان بســـووتێت و ئاگرەکە تەشـــەنە بکاتە ناو زۆربەی ماڵەکانی دیکەش، چونکـــە چادرەکان لێکتر نزیکـــن و خێزانەکان بۆ خۆپاراستن لە سەرما پەنا بۆ گەرمکەرەوە دەبەن، تەنیاش بە سۆپا دەتوانین خۆمان گەرم بکەینەوە، ژیان بەمجۆرە ناچێتە ســـەر، باری دەروونیمان تێکچـــووە و منداڵەکانمان نەخۆش کەوتوون، بێسەروبەری زۆر لەناو کەمپەکان هەیە».

کەمپی دارەشـــەکران، کەورگۆســـك و بەحرکـــە لە کەمپە گەورەکانـــن و ژمارەیەکی زۆری کوردانی ڕۆژئاوا و عەرەب و کریستیان و کوردی کاکەیی و شەبەك و ئێزدی و تورکمان و خەڵکی ئەنبار و تەنانەت عەرەبی فەڵەستینیشـــی تێدایە، دانیشتووان و جەماوەری ئەم کەمپانە ڕێژەیان زۆرە لە ئاستی ناحیـــە و شـــارۆچکدان، لەگەڵ ئەگـــەری بەردەوامبوونی دۆخەکەش ژمارەکان زۆر زیاتر دەکات، بۆیە پێویســـت بەوە دەکات چارەســـەری کەمپەکان بە گۆڕینـــی چادرەکان بۆ کابینە دەست پێ بکات، یان هەوڵبدرێت بە بلۆك ژووریان بۆ دروست بکرێت .

لەناو کەمپەکان دیمەنی منداڵە ئاوارەکان کە لەناو شـــەقامە قوڕاوەییەکان گەمەیان دەکرد، ســـەرنجی ڕاکێشـــاین، ئەوان زۆر درکیان بەو مەترســـی و خەمە گەورەیـــە نەدەکرد، کە گەورەکانیان بەدەستیەوە دەیانناڵاند و ترسی هاتنی شەپۆلێکی سەرماو بارانبارینی زیاتریان هەبوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆرینەی ئاوارەکان سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان دەکـــرد کە هاوخەمی ژیانی ئەوان بووە و هاوکات داوایان لە سەرۆکی کوردستان دەکرد، زیاتر ئاوڕیان لێبداتەوە.

فەرحان ئەحمەد ئاوارەیەکی نیشـــتەجێی کەمپی دارەشەکرانە و لە دەستپێکی قســـەکانیدا سوپاسی سەرۆکی کوردستانی کرد و وتی: «زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین کە هاوخەمی ژیانی ئێمەیە و خێزانەکانمانی لە کوشـــتن و دەســـتدرێژیکردن لەسەریان پاراســـتووە، ئومێدیشمان زۆرە بە هەوڵەکانی دەرگای وڵاتانی کۆمەکبەخشمان بۆ بکاتەوەو داوا لەبەرپرسانی کەمپەکەش بکات ڕێگامان پێ بدرێت ژوورێك بە بلۆك دروست بکەین، یان کابینەیەکی یەك ژوورمان بۆ دابین بکرێت». فەرحان کە ســـەرقاڵی چاککردنەوەی چادرەکەی بوو، جەختی لەوەش کردەوە کـــە «ئەو چادرانە بەرگەی با و بۆران و لافاو ناگرن و تێکدەچن»، بۆیە بۆ چارەســـەری کێشەیان پێشنیاری دروستکردنی ژووری بە بلۆك، یان دانانی کابینەی دووپات دەکردەوە.

لەســـەرجەم ئەو کەمپانەی کە ســـەردانمان کردن، دەرگەی ئۆفیســـەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانـــی کرابوونەوە کە ژمارەیەکـــی زۆری ئـــاوارەکان ڕوویان تێکردبـــوو، لەبەردەم ئۆفیســـی ئەو دەزگایە لە کەمپی بەحرکە هاووڵاتی کامیلە محەمەد وتی: «ئێمە سوپاسی خێرخوازانی هەرێم و حکومەت و دەزگا خێرخوازەکان دەکەین، بەتایبەتی دەزگای خێرخوازیی بارزانـــی، بەڵام ژیانمان لەناو چـــادرەکان بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی ســـەرماو ســـۆڵە زۆر زەحمەتە و پێویستیمان بـــە ڕێگەچارەی دیکە هەیە، چونکە ڕەنگە ئەم دۆخە درێژە بکێشێت و ناچار بین کاتێکی زیاتر لێرە بمێنینەوە».

**کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان:**
**لە هاوین لەناو تەپوتۆز و گەرما و لە زستانیش لەبەردەم باران و سەرما وسۆڵەداین**

**عەرەبێکی شیعەی پارێزگای موسڵ:**
**ئێمە عەرەبی شیعەی پارێزگای موسڵین، کەچی بەهیچ شێوەیەک کاربەدەستێکی حکومەتی عێراق ئاوڕمان لێناداتەوە**

**ئاوارەیەکی کەمپی دارەشەکران:**
**ژووریکمان بە بلۆک بۆ دروست بکەن، تاوەکو لە سەرما و سۆڵەی زستان و باران بمانپارێزێت**

**دایکێک:**
**داوا لە خێرخوازانی هەولێر دەکەم شیری منداڵ و حەفازەی منداڵانمان بۆ بهێنن**